### عێراق بەرەو کام لا هەنگاو دەنێ

مێژووی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ٢٠٠٣/٤/٩ مێژووی رووداوی کتوپڕو چاوەڕواننەکراو بووە، گۆڕینی دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی لەم وڵاتە هەواڵی کودەتای سەربازی و بەیاننامەی کۆمەڵێك ئەفسەر بووە کە لە حکومەت هەڵگەڕاونەتەوە و هەڵیانکوتاوەتە سەری رووخاندوویانە، ئیتر ئەم دەسەڵاتە بەردەوام بووە هەتا کودەتایەکی دیکەی بەسەردا کراوە، بەڵام دوای ٩ی نیسانی٢٠٠٣ زۆربەی گەلانی عێراق پێیان وابوو سەردەمی کودەتای سەربازی بەسەرچوو، ئیدی لە عێراقدا سیستەمی پەرلەمانی و فرە پارتایەتی پیادە دەکرێت و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش سندوقی دەنگدان بڕیاری لەسەر دەدات نەك لولەی تفەنگەکانی سوپا.

بەڕێز عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆماری عێراق و سەرکردەیەکی دیاری ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا، لە رۆژی ٢٠٠٨ /٩/٦ و لە میانەی بەرنامەی (بالعربی) کەناڵی ئەلعەرەبیە و لە وەڵامی پرسیارێکدا کە جیزیل خوری پێشکەشکاری بەرنامەکە سەبارەت بەوەی ئایا لە کودەتای سەربازی دەترسیت؟ ئاراستەی کرد، گووتی: (بەڵێ، بەدڵنیاییەوە لە کودەتای سەربازی دەترسم، ئێستا جۆرێك لە عەسکەرتاریەت هەیە، واتە لە دژایەتی تیرۆر و میلیشیادا لایەنی ئاسایش و سەربازی و هەواڵگری زاڵبووە، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە وریا بین، هەربۆیە مەرجمان داناوبو لەسەر ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران بەوەی دەبێت دامەزراوەی سەربازی لەلایەنی مەدەنییەوە سەرکردایەتی بکرێت و بۆئەوەی عێراق نەگەڕێتەوە سەردەمی کودەتا سەربازییەکانی پێشوو، هەموو لایەك ئەو راستییە دەزانین کە عێراق یەکەم وڵاتە لەساڵی ١٩٣٦ ەوە پەنا بۆ کودەتای سەربازی براوە، هۆکارەکەشی ئەوەبووە کە زۆر زوو سوپا دژی بزاڤی مارشەمعون و پاشان دژی کورد و ئینجا فوراتی ناوەڕاست بەکارهێنراوە، هەربۆیە پێدانی رۆڵێکی گەورە بەسوپا بۆ یەکلایکردنەوەی مەسەلە سیاسییەکان مەترسییە لەسەر هەر وڵاتێك بەگشتی و لەسەر عێراق بەتایبەتی کە تیایدا پەروەردەی مەرکەزی و پەروەردەی سەربازی باڵادەست بووە بۆیە پێویستی بە وریایی هەیە و دەبێت وریابین، بێگومان لەگەڵ رێزمان بۆ رۆڵی هێزەچەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایش، بەڵام دەبێت لە شوێنی گونجاوی خۆیان و بەپێی دیسپلینی گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت).

ئەم دەستنیشانکردنەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی بۆ مەترسی باڵادەستی سوپا، دەستنیشانکردنێکی دووربینانەو زیرەکانەیەو پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە و ئەم مەترسییەش تەنها بۆ سەرکورد نییە، بەڵکو وەك لەیەك دێڕدا هەموو مەترسیەکەی کۆکردۆتەوە (مارشەمعون +کورد + فوراتی ناوەڕاست) واتە مەترسییەکە بۆ سەر سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە کورد و عەرەب و نەتەوەو ئاینەکانی دیکەشەوە، بۆیە داوادەکات:

* سەرکردایەتی دامەزراوەی سەربازی بەدەستی مەدەنییەوە بێت.



# عێراق و مەترسی کاتێک بەچارەسەری سەربازی ک

* هێزەچەكدارەكانی سوپا و ئاسایش لە شوێنی گونجاوی خۆیان رۆڵیان هەبێت بەڵام لە چوارچێوەی دیسپلینێكی گونجاودا.
كەواتە بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق مەترسی باڵادەستبوونی سوپا لە هەموو مەسەلەیەكی دیكە مەترسیدارترە، هەربۆیە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی كوردستان لە كۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەكانی لیستی هاوپەیمانی كوردستان راشكاوانە ئەوەی پێی راگەیاندون كەدەبێت ئەمجارەش لایەنی كوردستانی هۆكارێك بێت بۆ رەوینەوەی ئەم مەترسییە و نابێت رێگە بەوە بدرێت بۆ چارەسەركردنی كێشە سیاسییەكان پەنا بۆ رووبەڕووبونەوەی سەربازی ببرێت و دەبێت هەوڵبدرێت قەناعەت بەلایەنی بەرامبەریش بكرێت كە كێشە سیاسییەكان بەرێگە چارەی سەربازی یەكلاناكرێنەوە.
تێگەیشتن لەم گوتارە نەرمەی كوردستان لە نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بەو مانایە دێت كە ئەمجارەش كورد نایەوێت عێراق بگەڕێتەوە سەردەمی خوێن رشتن و كودەتای سەربازی و كۆتایی هاتن بە سیستەمی پەرلەمانی دیموكراتی و گەڕانەوە بۆ دیكتاتۆرییەت، لەوانەیە ئەوانەی بە ئاسانی و سادەیی لە گوتارە ئەقڵانییەی كورد تێنەگەن، لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا كەم نەبن و، ئێستاش بتوانن لە ناو پەرلەمان تەكەتولێكی وەك ٢٢ی تەمموز دروست بكەن و لە رێگەی كێشەیەكی وەك كێشەی كەركوكەوە هەوڵبدەن كودەتایەكی سیاسی وەك دەسپێكێك بۆ كودەتای سەربازی بەسەر پرەنسیپی تەوافقی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بكەن و مەسەلەكە لە سەرەتادا بكەن بە شەڕی نێوان كورد و عەرەب كە لە بنەڕەتدا ئەمە شەڕ و ململانێی نێوان ئەو هێزو لایەنانەی كە هەوڵدەدەن عێراق لەسەر بنەمای دیموكراتی و فیدراڵی بونیادبنێنەوە، لەگەڵ ئەو هێزو لایەنانەی دەیانەوێت عێراق بگێرنەوە بۆ سەردەمی دیكتاتۆری و كودەتای سەربازی.

## مەترسی باڵادەستی دامەزراوەی سەربازی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا

لەوانەیە باشترین دامەزراوەی سەربازی لە جیهانی ئیسلامیدا بە دەوڵەتانی عەرەبیشەوە، دامەزراوەی سەربازی توركیا بێت، كە تائێستاش هەموو ئەوروپا و جیهان وەك مەترسییەك لەسەر ژیانی سیاسیی توركیا سەیری دەكەن، لەگەڵ ئەوەی چەندین جار سوپای توركیا بە بیانوی پارێزگاری كردن لە بنەماكانی دەوڵەتی توركیا و سكۆلاریزم پەنای بۆ كودەتای سەربازی بردبێت و ئێستاشی لەگەڵدا بێت خۆی وەك چاودێر و پارێزەری دەستوور و سكۆلاریزمی توركیای كەمالی دادەنێت و ئەمەشی نەشاردۆتەوە، تەنانەت لە دوای هەڵبژاردنەكانی ساڵی رابردوو و وەرگرتنی پۆستی حكومەت و سەرۆكایەتی كۆمار لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە، گوێبیستی ئەوە دەبووین ئەگەر حكومەتی توركیا لە بنەما سەرەكییەكانی دەوڵەتی توركیایی نوێ لابدات، ئەوا سوپا ناچار دەبێت بۆ راستكردنەوەی ژیانی سیاسیی لە توركیا دەستێوەردان بكات یان راشكاوانەتر كودەتای



# كودەتای سەربازی
# ێشە سیاسییەكان یەكلابكرێتەوە

سەربازی بەسەر حکومەتدا بکات.

وێڕای هەموو ئەم مەترسییانەو ڕۆڵی گەورەی سوپا لە ژیانی سیاسیی تورکیادا، بەڵام لە تورکیا هەڵبژاردن بەبەشداری چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجامدەرێت و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش بەشێوەیەکی ئاشتیانە بۆ ماوەی دوو بەکە زیاترە بەردەوامە، ڕاستە سوپای تورکیا لە هەندێ ناوچەی تورکیا بەتایبەتی ناوچە کوردنشینەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەردەوام باری نائاسایی ڕادەگەیەنێت و حکومی عورفی عەسکەری پیادەدەکات، بەڵام هێشتا دامەزراوەی سەربازی تورکیا بە بەراورد لەگەڵ دامەزراوەی سەربازی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی پێشکەوتوترە.

هێنانەوەی سوپای تورکیا وەك نموونە، بۆ ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەین کە باشترین نموونەی دامەزراوەی سەربازی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی سوپای تورکیایە، بەڵام ڕۆژانەش گوێ بیستی ئەوە دەبین ئەم سوپایە چەند ئاستەنگی بۆ تورکیا دروستکردووە کە نەبێتە ئەندام لە ڕیزی یەکێتی ئەوروپادا، هەر دەستێوەردانی سوپایە لە ژیانی سیاسیی تورکیادا وایکردووە دەوڵەتی تورکیا لە بواری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ تۆمارێکی باشی نەبێت، هەر ئەم سوپایەیە بەبێ ئەوەی تورکیا هیچ هەڕەشەیەکی دەرەکی لەسەر بێت هەوڵدەدات، ڕای گشتی ناوخۆی وڵاتەکەی بەو ئاراستەیە چەواشە بکات کە تورکیا بەردەوام لەژێر هەڕەشەی دەرەکیدایە، ئەگەر لێرەدا ئاماژە بە دۆسیێ سەرۆك ئەرکانی تازەی تورکیا ئیلکەر باشبوگ بکەین، کە بەم دواییە جێگەی یەشار بیوکانیتی گرتۆتەوە، دەبینین فیکرەت بیلا کە لە ناوەندی ڕاگەیاندنی تورکیا (بە وتەبێژی ژەنراڵەکان ناسراوە) لە وتارێکیدا کە ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٦ لە ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی بڵاویکردۆتەوە نوسیویەتی: (لای ئیلکەر باشبوگ ٣ دۆسیە گەورەترین و مەترسیترین تەحدین کە ڕووبەڕوی تورکیا دەبنەوە) بابزانین لای سوپای تورکیا کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی ناتۆیە ئەم ٣ تەحدییە ترسناك و گەورەیە چییە؟ فیکرەت بیلا بەمجۆرە ڕیزبەندی کردوون:

١- مەترسی ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیەی لە کوردستانی عێراق دادەمەزرێت.

٢- مەترسی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٣- مەترسی پەکەکە.

ئەگەر بە لۆژیکانە لەسەر ئەم ٣ خاڵە ڕابوەستین کە سوپای تورکیا بەگەورەترین تەحدی و مەترسی بۆسەر وڵاتەکەی ڕیزبەندی کردون و بپرسین ئایا کێشەکانی تورکیا بە ڕاستی ئەم ٣ مەسەلەیەن، یان ئەسڵەن ئەگەر تورکیا بیەوێت ئەم ٣ مەسەلەیە دەبنە فاکتەری سەقامگیری و بەرەو پێشەوە بردنی تورکیا و ڕێگە خۆشکەر بۆ بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، ئەگەر لەم ڕاستەوە و سەرەتا لە مەسەلەی پەکەکەوە دەست پێبکەین و بپرسین ئایا ئەگەر تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوتورکیا کە کێشەیەکی سیاسیە و هەوڵنەدات بەڕێگە چارەی سەربازی چارەسەری بکات ؟ ئایا پەکەکە ئەو مەترسییەی دەبێت کە ئێستا سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا بە گەورەترین و مەترسیدارترین هەڕەشەی دەزانێت بۆسەر تورکیا، بە ڕاستی ئەمە گەورەترین وانەیە بۆ مەترسی باڵادەستی سوپا و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکان بە ڕێگەچارەی سەربازی لە هەر وڵاتێکدا، لەوانەیە تەنها جیاوازی سوپای تورکیا لە گەڵ سوپاکانی دیکەی ڕۆژئاوا لە ناو پەیمانی ئەتڵەسیدا ئەوە بێت، کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا سوپا لەژێر دەسەڵاتی سیاسیی و مەدەنیدایە بەڵام لە تورکیا پێچەوانەیە و دەسەڵاتی سیاسیی و مەدەنی لەژێر دەسەڵاتی سوپا و ژەنراڵەکاندایە، ئەگەر بێنە سەر دوو هەڕەشەکەی دیکەش بە دیدی سەرۆکی ئەرکانی تازەی تورکیا کە بە کەرکوك و دەوڵەتی کوردستان لە عێراقدا ڕیز بەندی کردوون و بپرسین: ئایا بەراستی ئەگەر دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت یان کەرکوك بگەڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا ؟بێگومان کاتێك ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی پسپۆڕانی بواری ستراتیژی و جیۆسیاسی دەکەینەوە، بە بزەیەکەوە دەڵێن بە پێچەوانەوە، ئەگەر باردۆخێکی وا دروست بێت گەورەترین خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکات لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئەگەر دروست بێت، دەوڵەتێکی دیموکراتی و سکۆلار دەبێت، هەربۆیە ئەم دەوڵەتە دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم مەدی ئیسلامی ئوسوڵی و توندڕۆ و ڕێگە نادات بپەڕنەوە بۆ تورکیا.

٢- بە حوکمی ئەوەی تورکیا کاندیدە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، واتە دەیەوێت سیستەمی دیموکراتی تورکیا بەرەو دیموکراتی لیبراڵی ڕۆژئاوا هەنگاو هەڵبگرێت و بۆ تورکیا زۆر باشترە دەوڵەتێکی دیموکراتی دراوسێی بێت، لەبەر ئەوەی مێژووی دەوڵەتانی دیموکراتی پێمان دەڵێت هەرگیز لە نێوان دوو دەوڵەتی دیموکراتیدا شەڕ ڕوونەداوە.

٣- ئەگەر کەرکووکیش بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا تورکیا نەك هەر لەسەر ئاستی ئابووری قازانجێکی زۆر دەکات بەوەی هەرێمی کوردستان ناچار دەبێت بۆ گەڕان بە دوای نەوت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکان گرێبەست بکات و هەروەها بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتەکەش هەر دەبێت بە خاکی تورکیادا ڕەوانەی بازارەکانی جیهانی بکات، لەسەر ئاستی سیاسیش و داکۆکی کردنیش لە نەتەوەی تورکمان کە بەردەوام تورکیا وەك بیانوویەك بۆ دەستێوەردان پەنای بۆ دەبات، تورکمانەکانیش بەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە کەمینەیەکی پەراوێزکراوە لەسەر ئاستی عێراق دەبنە نەتەوەی دووەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و مافی زیاتریان دەست دەکەوێت.

**ئەگەر کەرکووکیش بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا تورکیا نەک هەر لەسەر ئاستی ئابووری قازانجێکی زۆر دەکات بەوەی هەرێمی کوردستان ناچار دەبێت بۆ گەڕان بە دوای نەوت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکان گرێبەست بکات و هەروەها بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتەکەش هەر دەبێت بە خاکی تورکیادا ڕەوانەی بازارەکانی جیهانی بکات**

## ئەقلییەتی دامەزراوەی سەربازی لە عێراقدا

سوپای عێراق بە یەکەمین سوپا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دادەنرێت کە بۆ گۆڕینی دەسەڵات دەستی لەکاروباری سیاسیی وڵات وەرداوە و بەڕێگەی کودەتای سەربازی جڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ئەم مێژووەش لە ساڵی ١٩٣٦ وە بە کودەتاکەی بەکر سدقی دەست پێدەکات و بە کودەتاکەی حزبی بەعس لە

ساڵی ١٩٦٨ کە تا ساڵی ٢٠٠٣ ئەو ڕۆژەی هاوپەیمانان ڕژێمی بەعسیان ڕووخاند درێژەی هەبووە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام حکومڕانی عێراق و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ڕێگەی کودەتای سەربازی بووە و هەموو کات سوپا و دامەزراوە سەربازییەکان ئالەتێك بوون بەدەست ڕژێمی دەسەڵاتدار و هەروەها ئامێرێکیش بوون بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات، ئەوەشی لە هەموو شتێك زیاتر جێگەی سەرنجە ئەم کودەتا سەربازیانە بە ناوی ڕاستکردنەوەی ڕێچکەی سیاسی و بوار ڕەخساندن بۆ دیموکراسی بانگێشەی بۆ دەکرێت و یان وەك لە عێراق بینیمان بە شۆڕشی پیرۆز بانگێشەی بۆ دەکەن. کەواتە لە مێژووی عێراقدا سوپا مێژوویەکی پرشنگداری نییە و ئەوەی کە هەیە مێژووی بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتەکەیەتی دژی گەلەکەی خۆی و هێنانە دەسەڵاتی گروپێك کە بەهیچ جۆرێك بڕوایان بە مافی هاووڵاتیان و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق نەبووە، لەم ڕوانگەیەوە دەبینین سوپای عێراق کە بەردەوام گەورەترین دامەزراوەی دەوڵەتی عێراقی پێکهێناوە و بەشی زۆری داهاتی عێراق بۆ ئەم سوپایە تەرخانکراوە نەیتوانیوە بە درێژای مێژووی خۆی سەروەریەکی نیشتمانی تۆمار بکات، کە گەلانی عێراق وەك سوپای خۆیان سەیری بکەن یان ئومێدی ئەوەیان پێی بێت سەروەریی عێراق بپارێزێت، زیاد لەمەش هەموو کات سوپای عێراق سەرچاوەیەك بووە بۆ ماڵکاولی و نەهامەتی گەلانی عێراق، سەرکوتکردنی گەلانی عێراق و دەکرێت لەم ڕاستە ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین:

١- سوپای عێراق لەساڵی ١٩٦١ هەموو هێز و توانای خۆی خستە گەڕ بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئەیلول و لە پێناوەشدا هەموو کەرتەکانی سوپای عێراق بە هێزی زەمینی و ئاسمانی و زرێپۆشەوە بەشداریان کرد و تەنانەت لە شارەکانی کوردستان حکومی عورفی عەسکەری پیادەکراوە و هەر بە هەمان حوکمی سەربازی مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی کوردستان کراوە.

٢- لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ سوپای عێراق شەڕێکی بەرەیی فراوانی لەگەڵ شۆڕشی کوردستان دەستپێکرد، بەداخەوە ئەم سوپایە لە ساڵی ١٩٦١ - ١٩٧٥ تەنها شەڕی پێشمەرگەکانی کوردستانی نەکرد، بەڵکو هەموو گەلی کوردستانی بە چەکدارو پێشمەرگە لە قەڵەمداو تەواوی گوند و شارۆچکەکانی کوردستانی بە قەدەغەترین چەکی ئەو سەردەمە کە بە کارهێنانی بۆمبی ناپاڵم بوو و بەرێگەی پێشکەوترین فڕۆکەی جەنگی و زرێپۆش بۆردوومانی کردن و ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستانی وێران کرد.

٣- لە ساڵی ١٩٧٥ - ١٩٩١ جارێکی دیکە سوپای عێراق کوردستانی کردە مۆڵگەیەکی سەربازی گەورەو بە دەیان هەزار ڕەبیەی سەربازی لەسەر شاخەکانی کوردستان دامەزراند. زیاد لەمانەش ڕێگەی بە هەردوو سوپای ئێران و تورکیا دا کە بەقووڵایی ١٠ کم بێنە ناو خاکی عێراق بۆ ئەوەی شۆڕشی کوردستان لەناو بەرێت. لەم قۆناخەدا سوپای عێراق هەموو دابونەریتێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیشی پێشێلکرد و بڕیاری سڕینەوەی کوردی لە عێراقدا و بۆئەمەش ئەم پەنای برد بۆ:

ا- شاڵاوەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کوردستان بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، ئەمەش بەرێگەی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و تورکمان و ئاشوریی و کلدان بۆ ناسنامەی عەرەبی.

ب- پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان هەر لە خانەقینەوە تا شەنگال، بە هێنانی عەرەب لە باشورەوە بۆ ئەو ناوچانە و دەرکردنی هاووڵاتییە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچانە.

ج- وەك هەنگاوێك هەستا بە ڕاگوێزانی هەموو ناوچە سنورییەکانی کوردستان بە ناوی پشتێنەی ئاسایشی سنووری و نیشتەجێکردنی هاووڵاتیانی لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا.

د- پاکتاو کردنی بە قۆناخ، کە ئەم هەنگاوەیان بە کوردی فەیلی دەستی پێکرد و بەهەزاران کوردی فەیلی لە شارەکانی دیالە و کەرکوك و بەغدا بێ سەروشوێن کرد و بە دەیان هەزاریشی بە بیانوی ئەوەی ئەمانە تەبعەتیان ئێرانییە ڕەوانەی ئێران کرانەوە و ماڵ و موڵکیان دەستی بەسەردا گیرا.

ە- دوای کوردە فەیلیەکان شاڵاوی پاکتاوی ڕەگەزی دژی بارزانییەکان دەستی پێکرد و زیاتر لە ٨٠٠٠ پیاوی بارزانی بێ سەروشوێن کرد، کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ ئێسك و پروسکەکانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بیابانەکانی عێراقدا دۆزرانەوە.

و- دوای ئەم هەموو تاوانە، سوپای عێراق پەنای بردە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، ئەم چەکەشی بە تەنها لە هەڵەبجە بەکارنەهێنا، ڕاستە بە کارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بووە هێمایەك بۆ دڕندەیی سوپای عێراق بەرامبەر بەگەلەکەی خۆی بەڵام لە سەرتاسەری کوردستان لە هەڵەبجەوە تابادینان ئەم چەکە قەدەغەکراوە نێودەوڵەتییە بەکارهات و بێجگە لەوەی بە دەیان هەزار هاووڵاتی بەم چەکە شەهید بوون، بەدەیان هەزار کەسیش بریندار بوون و هەتا ئێستاش ئاسەواری ئەم چەکە لەسەر ئەو کەسانەو دانیشتووانی ئەو ناوچانەو ژینگەی کوردستان ماوەتەوە.

ز- سوپای عێراق لە کۆتایدا پەنای بردە بەر شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال، کە پێکهاتبوو لە پرۆسەی سەربازی و لە هەر پرۆسەیەکی ئەنفالیشدا بەینامەی فەرمی بە ناوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بڵاودەکرایەوە، ئاماجیش لەم ئۆپەراسیونە سەربازیيە گەورەیە کە تیایدا زیاتر لە ٢٠٠هەزار هاووڵاتی کوردستان بێسەروشوێن بوو ئێستاش گۆڕە بە کۆمەڵەکانی زۆربەیان نەدۆزراوەتەوە، ئەوەبوو کە هەموو کوردستان ببێتە ناوچەیەکی سەربازی قەدەغەکراو بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و سەدان شارشارۆچکە خاپور کرا.

ح- لە ساڵی ١٩٩١ و بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی ١٤ پارێزگای عێراق سوپای عێراق زۆر بەتوندی و بە هەموو جۆرە چەکێك گەلی کوردستان لە باکوور و عەرەبی شیعەی لە باشوور سەرکوتکرد، هەتا کارەساتی کۆڕەوی ٢ ملیۆنیەکەی کوردستانی لێکەوتەوە و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەدەنگ هات و ناوچەی ئارامیان بۆ کوردستان دروستکرد.

**سوپای عێراق بە یەکەمین سوپا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دادەنرێت کە بۆ گۆڕینی دەسەڵات دەستی لەکاروباری سیاسیی وڵات وەرداوە و بەرێگەی کودەتای سەربازی جڵەوی دەسەڵاتی گرتوتە دەست، ئەم مێژووەش لە ساڵی ١٩٣٦ وە بە کودەتاکەی بەکر سدقی دەست پێدەکات و بە کودەتاکەی حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ کە تا ساڵی ٢٠٠٣ ئەو ڕۆژەی هاوپەیمانان ڕژێمی بەعسیان ڕووخاند درێژەی هەبووە**

## سوپا هەرگیز نەیتوانیوە
## عێراق لە هەڕەشەی دەرەکی بپارێزێت

ئەمە گرنگترین دەســکەوتەکانی سوپای عێراقە کە بەردەوام هەمــوو هێزی خۆی بــۆ ســەرکوتکردنی گەلەکەی خۆی بەکارهێناوە. هەرگیز نەیتوانیوە عێراق لە هەڕەشــەی دەرەکی بپارێزێت و هەر شەڕێکیشــی کردبێت جیا لەوەی بەشکستی ســوپای عێراق نەهامەتی بۆ سەر گەلانی عێراق تەواو بووە، ســوپای عێراق لە مێژووی خۆیدا دراوسێیەکی خۆی داگیر کردووە و شەڕێکی ٨ ساڵشــی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجامداوە و لە شەستەکانیشدا هێزێکی ڕەمزی بەشداری پێکردووە لە شەڕی فەڵەســتیندا. بێگومان سوپای عێراق لە هەمــوو ئەم شــەڕانەدا نەك هەر سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە بە ڵکو بۆتە هــۆکاری ماڵوێرانی بۆ هەموو گەلانی عێراق، تەنانەت بۆ ئەوەی بۆ بەشــدارییە ڕەمزییەکەی سوپای عێراق لەشــەری فەڵەســتین بیانوی ئەوە دروست نەبێت کە سوپای عێراق بە شــەڕی ناوخۆوە سەرقاڵە، ســەرۆك بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٦٧ ئاگربەســتی ڕاگەیاند و بەڵام نەك سوپای عێراق بەڵکو تێکرای سوپای دەوڵەتە عەرەبییەکانیش دووچاری شکســتێکی گەورە هاتن. لەسەر ئاســتی شەڕەکانی سوپای عێراقیش لەگەڵ دراوسێکانی، ئاکامەکانی بەمجۆرە بووە:

١- ماوەی ٨ساڵ شەڕی لەگەڵ ئێران کرد، لەم شەڕەدا وێرای ئەوەی زیاتر لە ٢ملیۆن کەس لە ســوپای عێراق کوژران و بە ســەدان هەزار بە دیل گیران و پاشانیش هیچ دەسکەوتێکی بەدەســت نەهێنا، ئەم شــەڕە بووە هۆکاری ئەوەی ژێرخانی ئابووری عێراق لە ڕیشــەوە هەڵتەکێنێت و عێراق لە وڵاتێکی دەوڵەمەندەوە بوو بە دەوڵەتێکی هەژار.

٢ - بۆ ڕاســتکردنەوەی ئەم ژێرخانــە داڕووخاوەی ئابووری ســوپای عێراق هێرشی کردە سەر دەوڵەتی کوێت و داگیری کرد، ئەمجارەشیان حکومەتی عێراق بەناوی ئەوەی کۆمەڵێك ئەفسەری کوێتی کودەتای سەربازییان ئەنجامداوە و سوپای عێراق بە هانایانەوە چووە، ویستی ئەم داگیرکارییە پەردەپۆش بکات بەڵام ئەمە بۆی ســەری نەگرت و هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دژی عێراق ڕاوەستاوە و عێراق گەڕایەوە بۆ ئەو قۆناخە سەرەتاییەی، کە ئێستا وێرای ئەوەی ١٨ ساڵ بەسەر ئەو دوژمنکارییە، گەلانی عێراق باجەکەی دەدەن و ئێســتا گەورەترین ئومێــد و خۆزگەی تێکرای گەلانی عێراق بۆتە ئــەوەی کە کارەبا و ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابینبکرێت، بەڵام بەداخەوە لە سەدەی بیست و یەکدا و لە دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهاندا، هاووڵاتیانی لە تاریکیدا ژیان بەسەر دەبەن.

کاتێــك گەلانی عێراق لە دووبارە بەهێز بوونەوەی ســوپای عێراق دەترســن، ترسیان لەو مێژووە ترسناکە هەیە کە سوپای عێراق دژ بە گەلەکەی خۆی هەیەتی، هەربۆیە کاتێك گەلی کوردســتان داوای گەرەنتی دەکات بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم ســوپایە بۆ سەرکوتکردنی گەلانی عێراق هێزی خۆی بەکار نەهێنێتەوە، دەبێت پێش هەموان حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی

●●●

**کاتێک گەلانی عێراق لە دووبارە بەهێز بوونەوەی سوپای عێراق دەترسن، ترسیان لەو مێژووە ترسناکە هەیە کە سوپای عێراق دژ بە گەلەکەی خۆی هەیەتی**

●●●



هاوپەیمانان لەم مەترســییە تێبگەن و نابێت ســوپای عێراق بە چاوی ســوپای دەوڵەتێکی دیموکراتی ڕۆژئاوایی ســەیر بکرێت، بەوەی کاری ســوپا دیاریکراوە و لەژێر دیسپلینێکی گونجا و سەرکردایەتێکی سیاسیی و مەدەنی بەڕێوە دەبرێت، بەڵام سوپایەك کە سەرەتای مێژووەکەی بە کودەتای سەربازی و سەرکوتکردنی گەلەکەی دەست پێبکات، دەبێت لە ئاستیدا هۆشیار بین و لەسەر بنەمایەکی ڕاست بونیاد بنرێتەوە.

## دامەزراوەی سەربازی عێراق
## بە پێنتاگۆن بەراورد ناکرێت

کاتێك لە ژمارەکانی پێشــووی گوڵاندا مەترسیەکانی بە هێز بوونەوەی ســوپای عێراقمان لەگەڵ ژمارەیەك لە پسپۆڕانی ســتراتیژی ســەربازی ڕۆژئاوا ورووژاند، بەو جۆرە وەڵامیان دایــەوە کە مەرج نییە بەهێز بوونی ســوپا مەترســی بێت بەڵکو هەموو وڵاتێك پێویســتی بە ســوپایەکی بەهێز هەیە بــۆ ئەوەی وڵاتەکەی لە دەســتدرێژی دەرەوە بپارێزێت، زیاد لەمــەش پێیان دەگوتین، فەرموو ئێمە لــە ئەمریکا خاوەنی گەورەترین و بەهێزترین سوپاین بەڵام هاووڵاتیانی ئەمەریکاش مەترســیان لەســەر نییە، هەندێك لە بەرپرسە شۆڤێنییەکانی



عەرەبیش کەبەداخەوە ئێستا بەشێکن لە پرۆسەی سیاسیی و پرۆسەی بڕیاردان لە عێراقدا، سەبارەت بە نیگەرانی کورد بۆ گەڕانەوەی سوپای عێراق بەشێوازە بێ بەرنامەیەکەی لە سنوری پارێزگای دیالە و خانەقین پیادەیان کرد. دەڵێن: ئەم نیگەرانییەی کورد لە جێگەی خۆی نییە و دژی عێراقە تەنانەت سوپای ئێستای عێراق بە سوپای ئەمریکا بەراورد دەکەن و دەڵێن: ئەگەر سەرۆك بوش بیەوێت سوپای ئەمەریکا بنێرێت بۆ نیویۆرك، ئایا حاکمی نیویۆرك ڕێگری لە سوپای ئەمەریکا دەکات؟ بێگومان ئەم بەراوردکردنە خۆ هەڵخەڵەتاندنە، بۆیە بەو بەڕێزانە دەڵێن ئەگەر کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر هۆکارەکەی سوپای ئەمەریکا بێت یان ئەنجامدەری ئەو تاوانە سوپای ئەمەریکا بێت، ئایا حاکمی نیویۆرك پێشوازی لە سوپای ئەمریکا دەکات، ئەمە لەکاتێکدا تەنها لەبەر ئەوەی هەندێك خۆکوژەکانی ١١ی سێپتەمبەر هەڵگری ناسنامەی عەرەبستانی سعودیە بوون، حاکمی نیویۆرك ئامادەنەبوو پێشوازی لە ئەمیری سعودیە بکات و هەروەها ئەو یارمەتیەشی ڕەتکردەوە کە ئەمیری سعودیە وەك نیەتپاکی و بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو تیروریستانە دوژمنی دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیەشن سەردانی نیۆیۆرکی کردبوو، بێگومان لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی حاکمی نیۆیۆرك نەك هەر حکومەتی ئەمەریکا و سەرۆك بوش نارەزاییان پیشاندە، بەڵکو عەرەبستانی سعودیەش تەقدیری ئەو هەڵوێستەی کرد و قبوڵی کرد.

ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت دەست لەسەر بەشێکی کێشەکە دابنێن، پێویستە دیوەکەی دیکەشی ببینن، ئەویش ئەوەیە ئەو ناوچە کوردستانیانەی پارێزگای دیالە بە تایبەتی خانەقین و جەلەولا و مەندەلی هاووڵاتییە کوردییەکەی دووجار ڕووبەڕووی چەوسانەوە بوونەتەوە لەسەر دەستی سوپای عێراق، جارێك لەبەر ئەوەی کورد بوون، جارێکیش لەبەر ئەوەی مەزهەبیان شیعە بووە، هەربۆیە پێویستە لە دوو لایەنەوە ڕێز لەمەترسی و مەشاعیریان بگیرێت و گەرەنتی ئەوەیان بۆ بسەلمێنرێت کە ئەم سوپایە سوپاکەی پێشووی عێراق نییە، بەڵام بەداخەوە ئەمجارە سوپای عێراق لە دیالە و دەوربەری سەلماندیانەوە کە هەر سوپاکەی پێشانە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، هەربۆیە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە هەڵیان کوتایە سەر بینایەی پارێزگای دیالە و سکرتێری پارێزگایان شەهید کرد و بەرپرسی لیژنەی ئەمنی پارێزگای دیالەیان دەستگیرکرد و پاشانیش هەڵیان کوتایە سەر بینایەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالەیان چەککرد و ئوتومبیلەکەشیان دەست بەسەردا گرت، زیاد لەمەش پاش ئەوەی لیوای ٣٤ لە ناوچەکانی قەرتەپە و جەلەولا پاشەکشەی کرد بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نیوان هەرێم و بەغدا لەسەری ڕێککەوتن، بەڵام سوپای عێراق بە گێڕانەوە و ئازادکرن و پاکردنەوە لە قەڵەمیاندا وەك ئەوەی لیوای ٣٤ بەشێك نەبێت لە سوپای عێراق، ئەم ڕووداوە پێمان دەڵێت ئەقڵیەتی دامەزراوەی سوپای عێراق هەتا ئێستاش ئەقڵیەتی دامەزراوەی پێشووەو بەرپرسانی عێراقیش ئەو ڕاستییە ناشارنەوە، بەڵام پاکانەی ئەوەی بۆ دەکەن کە جارێکی دیکە پاشماوەکانی ڕژێمی پێشووی بەعس گەڕاونەتەوە ریزەکانی سوپا و ئەوانن کە ئەم ڕەفتارانە دەکەن، ئەگەر ئەم قسانەی بەرپرسانی عێراقیش تا ڕادەیەك وەك ڕاستییەك لەبەر چاو بگرین بێگومان ئەوەی لێدەخوینرێتەوە کە ئەقڵییەتی دامەزراوە و فەرماندەکانی پێشەوەی سوپای عێراق جارێکی دیکە بەسەر سوپای عێراقدا زاڵبۆتەوەو هێزە سیاسییەکانی سونەش لە سەروو هەموویانەوە حیزبی ئیسلامی عێراق و بەرەی تەوافق ئێستا ئەوپەری هەوڵی خۆیان خستۆتە گەر بۆ ئەوەی هێزەکانی سەحوە تێکەڵ بە سوپای و هێوەکانی ئاسایشی عێراق بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن کۆنترۆڵی ئەو دامەزراوە گرنگە بکەن و جارێکی دیکە زەمینە بۆ گێڕانەوەی سەردەمی کودەتای سەربازی خۆشبکەنەوە و عێراق بگێڕنەوە ئەو سەردەمەی کە هەموو تواناکانی خۆی بۆ بەهێز کردنی سوپایەك بخاتە گەڕ کە بێجگە لە دژایەتیکردن و سەرکوتکردنی گەلەکەی خۆی هیچ کاڕێکی دیکەی نەبێت.

●●●

**سوپای عێراق هەتا ئێستاش ئەقڵیەتی دامەزراوەی پێشووەو بەرپرسانی عێراقیش ئەو ڕاستییە ناشارنەوە، بەڵام پاکانەی ئەوەی بۆ دەکەن کە جارێکی دیکە پاشماوەکانی ڕژێمی پێشووی بەعس گەڕاونەتەوە ریزەکانی سوپا و ئەوانن کە ئەم ڕەفتارانە دەکەن**

●●●

فریاد ڕەواندزی وتەبێژی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# بەڕێز مەسعود بازرانی لە ئێمەی دووپاتیکردەوە کە دەبێت گوتاری سیاسیمان نەرم و پەیوەندییەکانمان بەهێز بکەین و نابێت لێدوانی توند بدەین



یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاكان و جیاكردنەوەی كەركوك لەم یاسایەدا لە پارێزگاكانی دیكەی عێراق و توێژی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر كێشەی خانەقین و ماددەی ١٤٠، گرنگترین كێشەكانی نێوان بەغداو هەرێم پێك دەهێنن، لایەنی كوردی هەموو هەوڵەكانی بەو ئاراستەیە خستۆتە گەر كە ڕێگە لە تەنگژەو توندوتیژی بگرێت و هەوڵدەدات زمانی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە جێگەی بگرێتەوە، بەڕێز فریاد ڕەواندزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی كوردستان لە دیمانەیەكی تایبەتی گۆڤاری گوڵاندا سەبارەت بە دوایین كۆبوونەوەی هاوپەیمانی كوردستان لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و دوا گۆڕانكارییەكان و ناوەڕۆكی و توێژەكانی نێوان هەرێم و بەغدا و، وتوێژی پەرلەمانی عێراق لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاكان و سەردانی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح بۆ لای سەماحەتی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی ..بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.

**نابێت سوپا ببێتە بەشێک لە کێشە سیاسییەکان و دەستێوەردان لە کاروباری حکومڕانییتیدا بکات. دەبێت پێکهاتەکانی عێراق ئەم مەسەلەیە بە جیددی وەربگرن و پێداچوونەوە بکەن بە پێکهاتەی سوپادا و ئەگەر توخمی خراپ هەبوو لە ناو سوپادا دەبێت دوور بخرێنەوە**

**کورد ٢ پێشنیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبوڵە بەڵام عەرەب و تورکمان پێ لەسەر ماددەی ٢٤ دادەگرن**

*** لە نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقیدا كۆمەڵێك كێشە دروست بوون،وەك كێشەی خانەقین و كەركوك و هەڵبژاردنی پارێزگاكان هەیە، ئایا بەرەوپێشچوونەكان لەو بوارانەدا بە كوێ گەیشتوون، ؟**

- لە ڕۆژی ٢٢ی تەمموز لە پەرلەمانی عێراقدا دەنگ لەسەر یاسایەك درا كە لەبەر ماددەی ٢٤ی ئەو یاسایە، سەرۆك كۆمار و ئەنجوومەنی سەرۆكایەتی كۆمار یاساكەیان ڕەتكردەوەو گەڕاندیانەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی جارێكی دیكە وتوێژی لەسەر بكرێتەوە و بخرێتەوە دەنگدانەوە، ئەوەبوو پێش پشووی پەرلەمان ئەم مەسەلەیە یەكلانەكرایەوە هەربۆیە دوای تەواوبوونی پشووی پەرلەمان سەر لەنوێ دەستمان پێكردۆتەوە، بۆ هاریكاری و ڕزگار بوون لەم تەنگژەیە پێش دەسپێكی پشووی پەرلەمان نەتەوە یەكگرتووەكان هاتنەسەر خەت. بۆ ئەمەش دوو پێشنیاریان كردوە كە پێی دەوترێت وەرەقەی یەكەم و وەرەقەی دووەم، ئەم دوو پێشنیارە لە لایەن عەرەبە سوننەكانەوە ڕەتكرانەوە، لەگەڵ هەندێ لە لایەنە شیعەكان. دوای ٩ی ئەم مانگە كە پەرلەمان دەستی بە كارەكانی كردەوە، ڕۆژی دووەم كۆبوونەوەیەك لە نێوان سەرۆك و نوێنەری كوتلەكانی پەرلەماندا كرا بە ئامادەبوونی سەرۆكی پەرلەمان و جێگری یەكەمی، خالد ئەلعەتیە، لەو كۆبوونەوەیەدا د. مەحمود عوسمان باسی

**عادل عەبدولمەهدی سیاسەتمەدارێکی ژیرە و بە ووردی مەسەلەکەی شیکردۆتەوە و ئەوە بۆتە زەنگێک و هەمووڵایەک باسی دەکەن، بە تایبەتی کە چەند ڕاپۆرتێکیش بڵاوکرایەوە**

لەوەکرد دەبێت باس لــە وەرەقەی دووەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت کە ڕۆژی ٤ی مانگی ئاب پێشــکەش کرا، بۆ ئەوەی بزانین ئیعتیرازی هەر لایەك چییە لەسەر ئەم پێشنیارە، تاوەکو بگەینە چارەســەرێك، ئەم لایەنانە لەگەڵ ئەو پێشنیارەدا بوون، حزبی دەعوە بە هەردو باڵەوە، ئەنجوومەنی باڵای ئیســلامی لە عێراق، ڕێکخراوی بەدر، ڕەوتی ســەدر، سەربەخۆکان، حزبی شیوعی، تەزامون، بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، یەکگرتووی ئیســلامی و لیستی هاوپەیمانی کوردســتان. ئەوانەی دژی بــوون، ئەلعێراقیە و فەزیلە زۆر بە توندی دژی بوون، هەروەها عەرەبە ســوننەکان، گروپەکەی موتڵەگ و کوتلەی عەرەبییەی موســتەقیلە، هەڵوێستی حزبی ئیســلامی ڕوون نیە، خوازیارە ماددەی ٢٤ و پێشنیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان تێکەڵ بکات و شتێکی نوێی لێ دەربچێت.

هەربۆیە لیژنەیەك پێکهات لە چوار ئەندام پەرلەمانی لیســتی کەرکوك، کورد و تورکمان و عەرەب و مەســیحیەك و تا ئێستا ســێ کۆبوونەوەی کردووە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەنجام، لەبەر ئــەوەی لایەنەکانی عەرەب و تورکمان خوازیاری جێبەجێکردنی مــاددەی ٢٤ن و ئێمــەش ڕەتی دەکەینەوە، دواتر هاتنە ســەر ئەوەی وەرەقــەی یەکەمی نەتەوە یەکگرتــووەکان قبوڵ بکەن، بەڵام بە گۆڕانکاری و دەســتکاری کردنــەوە، بەڵام ئێمە ئەو گۆڕانکاریانە قبوڵ ناکەین.

**بەپێی دەستوور ئەرکی سوپا دیاریکراوە نابێت**
**ببێتەبەشێک لە کێشە سیاسی و ئیداری و ناوخۆییەکان**

سەبارەت بەکێشەی خانەقینیش وتەبێژی هاوپەیمانی کوردستان گوتی:( ئەوەی پەیوەندی بە کێشــەی خانەقینەوە هەبێت ئەوا کێشــەیەك دروســتکرا بۆ ئەوەی گرفت لە نێــوان حکومەتی هەرێمی حکومەتی مالیکیدا دروست بکرێت، من پێموایە دەبێت ئەم کێشــەیە بە هێمنی و بە شێوەیەکی ژیرانە چارەسەر بکرێت نــەك بە هەڵچــوون و خیتابی توند، چ لــە لایەن حکومەتی هەرێم، چ لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە. دەبێت ئەو کێشــەیە لە چوارچێوەی دەســتووردا یەکلابکرێتــەوە و هەردوولا پێوەی پابەندبن و دەبێت دەســتوور مەرجەعی هەردولا بێت لە هەموو کاتێکدا، نابێت سوپا بەکاربهێنرێت لەو کێشەیەدا، لەبەرئەوەی بە پێی ماددەی ٩ی دەســتوور ئەرك و کارەکانی سوپای وڵاتەکە دیاری کراوە و نابێت ببێتە بەشــێك لە کێشە سیاسی، ئیداری و ناوخۆییەکان. بەڵکو ئەرکی ســوپای بەرپەرچدانەوەی هێرش و هەڕەشە دەرەکییەکانە. من ئومێدم وایە ئەو کێشەیە بە گفتوگۆ چارەســەر بکرێت، لەبەرئەوەی ئێمە بەشــێکین لە حکومەت و لەو باوەڕەشــدانیم حکومەت پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز ببات بۆ چارەسەرکردنی.

**سیستانیش تەئکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە**
**دەبێت دەستوور مەرجەعی چارەسەرکردنی کێشەکان بێت**

ســەبارەت بەســەردانەکەی د. بەرهەمیش بــۆلای ئایەتوڵڵا سیستانیش گوتی:( سەردانەکەی د. بەرهەم بۆ لای سەماحەتی سیســتانیش کۆبوونەوەیەکی باش بوو، هەردوولا بە ڕاشکاوی قســەیان کرد، لەســەر چەند خاڵێك ڕێککەوتــن، وەك ئەوەی دەستوور مەرجەعی چارەسەرکردنی کێشەکان بێت، هاوپەیمانی نێوان کورد و شیعەکان بەهێز بکرێت و ڕێگە نەدرێت تێك بچێت، هەروەها پارێزگاری لەم حکومەتەی ئێستا بکرێت لەبەرئەوەی حکومەتی هەمووڵایەکە، ئەگەر شیعەکانی دیالە و خانەقینیش کێشــەیەکیان هەبوو ئەوا کوردەکان وەك برا بە هانایانەوە بچن و یارمەتیان بدەن لە چارەسەرکردنیاندا.

**هەمولایەک هاوڕان لەسەرئەوەی**
**مەترسی کودەتای سەربازی لە ئارادایە**

***بەڕێــز عادل عەبدولمەهدی لە چاوپێکەوتنێکیدا باســی لە زاڵبوونــی لایەنی ئەمنــی و ســەربازی و هەواڵگری کرد و هۆشــداری دا لە ڕوودانی کودەتایەکی سەربازی، لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- بەڵێ ئەمە کێشــەیەکە هەیە و کێشەکەش بریتییە لە دووبارە بە عەســکەرتاری کردنەوەی کۆمەڵگەی عێراقی، کە ئەمەش لە ســەردەمی ڕژێمی پێشوودا ســەری کێشا بۆ شەڕی عێراق لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان و هەروەها شەڕی ناوخۆیی و چەندین دەرئەنجامی خراپــی لێکەوتەوە، ئێســتا هەمووڵایەك هاوڕان لەسەرئەوەی ئەم مەترسیە لە ئارادایە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ڕوودانی کودەتای ســەربازییەوە هەبێت، ئەوا بەلەبەرچاوگرتنی بوونی هێزەکانــی ئەمەریکا لە عێراقــدا ڕەنگە ئەوە کارێکی زەحمەت بێت کە ڕووبدات. گرفتەکە ئەوەیە هەندێ لە فەرماندە مەیدانیەکانی ســوپا بە فەلسەفەی نوێی پەروەردە نەکراون، کە بریتییە لەوەی دەبێت ســوپا لە ژێر دەســەڵاتی مەدەنیدا بێت، کــە بریتییە لە ســەرۆك وەزیران، کە کەســێکی مەدەنیە و بە دەنگدان هەڵبژێردراوە، هەروەها نابێت سوپا ببێتە بەشێك لە کێشە سیاســییەکان و دەستێوەردان لە کاروباری حکومڕانێتیدا بکات. دەبێت پێکهاتەکانی عێراق ئەم مەسەلەیە بە جیددی وەربگرن و پێداچوونەوە بکەن بە پێکهاتەی سوپادا و ئەگەر توخمی خراپ هەبوو لە ناو سوپادا دەبێت دوور بخرێنەوە. لە لایەکی ترەوە نابێت کورد وەك دوژمن ســەیری سوپای عێراقی بکات، لەبەرئەوەی ئێمە بەشــێکین لە حکومەتی عێراقی و هەروەها کەســانێکی زۆرمــان هەیە لە ناو ئەو ســوپایەدا، کە دەبێت ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان ببینن. ئەگەر کودەتــا ڕوویدات، ئەوا تەنها دژی کورد نییــە، بەڵکو دژی هەمو عێراقــە، بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سیاســەتمەدارێکی ژیرە و بە ووردی مەسەلەکەی شیکردۆتەوە و ئەوە بۆتە زەنگێك و هەمووڵایەك باســی دەکەن، بە تایبەتی کــە چەند ڕاپۆرتێکیش بڵاوکراوەتەوە و بــاس لەوە دەکەن ئەگەر کێشــەکان چارەسەرنەبن، ئەوا ڕەنگە ســوپای عێراق، سوپای کۆن کە لەســەر فەلسەفەی کودەتا پەروەردە کراوە، کودەتایەکی ســەربازی بکات، بەڵام بە هۆی بوونی هێزەکانی ئەمەریکا و چەند دامەزراوەیەکی دیکە، ڕەنگە ئەوە زەحمەت بێت، هەرچەندە مەترسیەکە هەر دەمێنێت.

**دەبێت زۆر بە وریاییەوە**
**مامەڵە لەگەڵ سەحوە بکەین**

***ئەم مەترسیانە دوای گەڕانەوە کۆنە بەعسیەکان سەری هەڵدا بۆ ناو سوپا، ئێستاش باس لەوە دەکرێت ئەنجومەنەکانی سەحوە**

●●●
**ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجوومەنەکانی سەحووەوە هەیە، ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و دەبێت زۆر بە ووریایەوە چارەسەر بکرێت و مامەڵە لەگەڵ بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەوا ڕەنگە بینە دوژمنی حکومەتی عێراقی دووبارە ببینەوە بە هاوپەیمانی گروپە توندڕەووەکان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کە باوەڕیان بە ڕووخاندنی حکومەتی عێراقە و باوەڕیان بە پرۆسەی دیموکراسی و ژیانی دیموکراسی نییە. کەسیش ئەم مەترسیە ناشارێتەوە**
●●●

●●●
**ئەگەر کورد گلەیی لە مالیکی هەبێت، ئەوا مالیکیش گلەیی لە کورد هەیە و گلەییەکانیشی ڕاستن، لەبەرئەوەی ئێمە شەریکین لە حکومەتدا، بەڵام وەک شەریک ڕەفتار ناکەین**
●●●

●●●
**دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵیداین و ئەوەش گرفتێکی زۆری لەگەڵدایە، نابێت ڕێگەبدەین بگاتە حاڵەتی تێکدان و پچڕاندنی تێکڕای پەیوەندیەکانمان لەگەڵ بەغدا**
●●●



**تاوێتەی سوپا دەکرێن، ئایا ئەمە مەترسیەکە زیاد ناکات؟**

- خۆی ئەو ئەفسەرانەی سوپای پێشو کە گەڕێنرانەوە بۆ ناو سوپا، وا دانرابوو کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێت و هەڵبسەنگێنرێن بۆ ئەوەی بزانن ئەفسەری پیشەیی یان نا، بەڵام ڕەنگە هەندێکیان لە ژێر کاریگەری فەلسەفەکەی پێشوودا بن. ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجوومەنەکانی سەحوەوە هەیە، ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و دەبێت زۆر بە وریایەوە چارەسەر بکرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەوا ڕەنگە ببنە دوژمنی حکومەتی عێراقی دووبارە ببینەوە بە هاوپەیمانی گرووپە توندڕەوەکان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کە باوەڕیان بە ڕووخاندنی حکومەتی عێراقە و باوەڕیان بە پرۆسەی دیموکراسی و ژیانی دیموکراسی نییە. کەسیش ئەم مەترسیە ناشارێتەوە.

*** لە ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەتدا باس لەوە دەکرێت هەواڵگری عێراق هەوڵدەدات پەیوەندی بە توخمەکانی خۆی بکاتەوە لە کوردستاندا، تێڕوانینی ئێوە چییە؟**

- من لەو باوەڕەدانیم ئەم قسەیە ڕاست بێت، لەبەرئەوەی لە ناو ئەو دامەزراوانەدا خەڵکی خۆمان هەیە، دووەم هەندێك لە دامەزراوە هەواڵگریەکان دامەزراوەی فیدراڵی و دەستوورین و ئەگەر بیانەوێت لق لە کوردستان بکەنەوە، ئەوا بە ئاشکرا دیکەنەوە و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکەن. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر کورد گلەیی لە مالیکی هەبێت، ئەوا مالیکیش گلەیی لە کورد هەیە و گلەییەکانیشی ڕاستن، لەبەرئەوەی ئێمە شەریکین لە حکومەتدا، بەڵام وەك شەریك ڕەفتار ناکەین و دەبێت چاو بە ئەولەویاتەکانماندا بخشێنینەوە و دەبێت لەسەر بنەمای یەك دەنگی کاربکەین و ئەگەر ناکۆکییەکمان هەبێت لەگەڵ حکومەتی بەغدا، هەروەك ئەوەی ئێستا هەیە، ئەوا چارەسەرکردنی کێشەکان زەحمەت دەبێت.

*** ئایا بەڕای تۆ مەسەلەکە ئەوە نییە مالیکی نەیتوانیوە متمانەی لای کورد دروست بکات، لەبەرئەوەی ئێستاش ئێمە نیگەرانین و بە چاوی گومانەوە لە ڕەفتارەکانی دەڕوانین؟**

- من پێموانیە مالیکی دوژمنی کورد بێت، هەندێ جار ئەگەر لە کوردەکانیش دڵتەنگ بێت، ئەوا لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ڕقی لە کوردەکان بێت، بەڵکو هەندێ لە سەر چەند بیروباوەڕێکی سیاسییە کە زۆرجار ئێمە خۆشمان وەك کورد گلەییمان لێیان هەیە. مەسەلەی متمانە مەسەلەیەکی دوو لایەنیە و دەبێت ئێمەش متمانە بە مالیکی بکەین و ئەو متمانەیە پتەو بکەین و دەبێت مالیکیش هەوڵی پتەوکردنی بدات لە ڕێی جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی وەك ماددەی ١٤٠ و ناوچە دابڕاوەکان.

**نابێت ڕێگەبدەین بگاتە حاڵەتی پچڕاندنی تێکڕای پەیوەندیەکانمان لەگەڵ بەغدا**

***ئایا گەشبینیت بەوەی ئەم کێشانە لە ئاییندەیەکی نزیکدا چارەسەر دەبن؟**

- لەو باوەڕەدام چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە دەدۆزرێتەوە، بە تایبەتی بەر لە گەڕانەوەم بە دوو ڕۆژ بۆ بەغدا کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەبوو، ئەویش دووپاتیکردەوە کە دەبێت گوتاری سیاسی کورد نەرم و پەیوەندیەکانمان بەهێز بکەین و نابێت لێدوانی توند بدەین و ناشکرێت لە پێناو هەندێ شت کە لە گەمە سیاسییەکەدا ڕوودەدات هەموو شت بدۆڕێنین، دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵیداین و ئەوەش گرفتێکی زۆری لەگەڵدایە، بەڵام نابێت ڕێگەبدەین بگاتە حاڵەتی تێکدان و پچڕاندنی تێکڕای پەیوەندیەکانمان لەگەڵ بەغدا، لەبەرئەوەی دەتوانین زۆرێك لە کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین.

پەرلەمانتار د.سەعدی بەرزنجی نوێنەری کورد لە وتوێژەکانی پارێزگای کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر نەگەینە رێککەوتن، دەگەڕێینەوە بۆ یاسای ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵبژاردنی پارێزگاکان



**د.سەعدی بەرزنجی ئەندامی پەرلەمانی عێراقە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان و ئێستاش نوێنەری کوردە لەو لیژنەیەی لە نەتەوە جیاوازەکانی کەرکووک بۆ وتوێژ لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق پێکهێنراوە و لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا کاری ئەم لیژنەیە، بەڵام لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداوە و بەڵام ئاراستەی کۆبوونەوەکان بەو ئاستە گەشبین نین کە ئومێدی ئەوەی لێبکرێت بگەنە چارەسەرێکی تەوافوقی و یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەربچێت، سەبارەت بە وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکانی چەند رۆژی رابردوو د.سەعدی بەرزنجی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### هەتا لایەنی عەرەبی و تورکمانی بە هەڵوێستی خۆیاندا نەچنەوە گەیشتن بەرێککەوتن کارێکی زەحمەت دەبێت

*** چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد لە رۆژی ٩ی ئەم مانگەدا، رێککەوتن لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکرێت، بەڵام گفتوگۆکان نەگەیشتنە دەرئەنجامێك و دواتر لیژنەیەك پێکهات کە ئێوە ئەندامن لەو لیژنەیەدا، ئێمە خوازیاری ئەوەین باسی گفتوگۆکانی پەیوەست بەم کێشەیەمان بۆ بکەن؟**

- تاوەکو ئەو لایەنانەی خۆیان بە نوێنەری تورکمان و بە نوێنەری عەرەب داناوە بە هەڵوێستی خۆیاندا نەچنەوە، بێگومان رێککەوتن لەسەر یاسای هەڵبژارنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان زۆر زەحمەت دەبێت. ئەوان دەیانەوێت کێشەی کەرکووك لەم یاسایەدا بە پێی تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆیان چارەسەر بکەن.

### تێڕوانینی عەرەب و تورکمان پاشگەزبوونەوەیە لە ماددەی ١٤٠

سەبارەت بەوەش کە مادەی ١٤٠ چارەسەری کێشەی کەرکووك دەکات نەك یاسای هەڵبژاردن د.سەعدی گووتی:(لە کاتێکدا چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك بە پێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری دەکرێت، نەك بە پێی یاسایەك کە بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دادەڕێژرێت. ئەمە ئەسڵی کێشەکەیە، لەبەر ئەوەی تێڕوانینی ئەوان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکووك جۆرێکە لە پاشگەزبوونەوە لە ماددەی ١٤٠ و دەیانەوێت ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو مەبەستە ئیستیغلال بکەن، ئێمە پێیانمان راگەیاندووە کە دەبێت بە هەمان شێوەی پارێزگاکانی دیکە هەڵبژاردنیش لە کەرکووکدا ئەنجام بدرێت و هیچ پاساوێك نیە بۆ هەڵوێستی ئەوان، ئەگەر پاساوەکە باری ئەمنی شارەکەیە، ئەوا رەوشی ئاسایش لە کەرکووکدا لە دیالە و موسڵیش باشترە، ئەگەر بیانووەکە ئەوەیە پێکهاتەی جیاواز لە شارەکەدا دەژین، ئەوا لە شارەکانی دیکەشدا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت، ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە کوردەکان هەڵساون بە تەکریدی شارەکە، ئەوا با لیژنەیەکی بێلایەن لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە و لەوە دڵنیابێت ئایا ئەو خێزانە کوردانەی گەڕاونەتەوە بۆ شاری کەرکووك، هەموویان لە ئەسڵدا کوردی کەرکووکی نین.

### لەماوەی ٣٠ساڵدا حکومەتەکانی عێراق ٩٧ هەزار خێزانی کوردیان لە کەرکووك راگواستووە

دەربارەی سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردنیش کە مادەی ١٤٠ میکانیزمی بۆ دیاریکردووە بەڕێزی گووتی: (لە ماوەی سی ساڵدا حکومەتەکانی عێراق ٩٧ هەزار خێزانی کوردیان لەو شارەدا راگواستووە، ئێستا ئەگەر هەر خێزانێك خێزانێکی دیکەی لێ کەوتبێتەوە، ئەوا ژمارەیان دەگاتە ٢٠٠ هەزار خێزان. ئەگەر هەر خێزانێکیش لە پێنج ئەندام پێکهاتبێت ئەوا ژمارەی راگوێزراوەکان دەگاتە یەك ملیۆن کەس، لەبەر ئەوە، ئەوەی ئەوان باسی لێوە دەکەن

که زیادەڕەوی و موبالەغە کراوە ڕاست نییە، چونکە ئەوانە هەموویان خەڵکی ڕەسەنی ئەو شارەن. ئەگەر ئەوان داوای زەمانات دەکەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت ئەوا ئێمە ئامادەین نەتەوە یەکگرتووەکانی چاودێری ئەو هەڵبژاردنانە بکات لە کەرکووکدا. ترسی ئەوان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شاری کەرکووکدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان دەزانن دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی کوردەکان دەبێت، نەك تەنها لە پارێزگای کەرکووکدا، بەڵکو لە خودی شاری کەرکووکیشدا، لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتووانەکەیان کوردن، ئەوان دەڵێن با هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام کورسییەکان بە ڕێژەیەکی یەکسان دابەش بکرێت، ئەمەش دژی هەڵبژاردن، دژی دەستوور و دژی بنەمای دیموکراسیە و زەوتکردنی مافی هاوڵاتیانە. ئێمە لە دواخستنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکیشدا نەرمیمان نواند، بەڵام ئەوان هەر سوورن لە سەر تێپەڕاندنی داواکارییە ناشەرعی و نادەستوری و نایاساییەکانیان.

### عەرەب و تورکمان
### دەیانەوێت پێشنیاری نەتەوە یەکگرتووەکانیش بگۆڕن

*** ئایا ئەوان هەر سوورن لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ٢٤ یاسای هەڵبژاردنەکان کە خۆیان دەنگیاندا لەسەری؟**

- نەخێر، ئێستا دوو پێشنیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئارادایە، کە ئێمە هەردووکیانمان بێ دەستکاری کردن قبوڵە، بەڵام ئەوان بە مەرجێك لە گەڵیدان کە دەستکاری بکرێن و گۆڕانکاریان تێدا بکرێت، بەڵام ئێمە گۆڕانکاری لەو پێشنیارانەدا ڕەت دەکەینەوە.

***ئایا خاڵەکانی ئەو پێشنیارانە چین؟**

یەکێك لە خاڵەکان دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکە، تاوەکو لیژنەیەك پێك دەهێنرێت بۆ ئەوەی پۆستە ئیداریەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارەدا دابەش بکرێت. تاوەکو پەرلەمان بڕیارێك دەدات و ئالیەت و چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە لە شاری کەرکووکدا دیاری بکات، ئەمە هیچ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر مادەی ١٤٠ نابێت، ئێمە ئەمەشمان قبوڵکرد، هەرچەندە ئەمە بریتییە لە دواخستنی کێشەکە نەك چارەسەرکردنی، بەڵام ئێستا ئەوان ئەمەش ڕەت دەکەنەوە و ئێمەش ڕێگارەچارەیەکی ترمان پێ قبوڵ نییە.

### ئەگەر نەگەینە ڕێککەوتن
### دەگەڕێینەوە بۆ یاسای ساڵی ٢٠٠٥

***ئایا هیچ گەشبینیەك نییە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن؟**

- ئەگەر ڕێککەوتنیش نەکرێت کێشەیەکی گەورە نیە، لەبەر ئەوەی یاسای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لە ئارادایە کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئینتیقالی دەری کرد و دەتوانرێت کاری پێ بکرێت، لەبەر ئەوەی هێشتا هەڵنەوەشێنراوتەوە و هێشتا لە کاردایە و ڕێکنەکەوتنی ئێمە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو یاسایەی ساڵی ٢٠٠٥ نابێت و و ئەم یاسایە هەر دەمێنێتەوە، تەنها ئەگەر یاسایەکی نوێ دەربچێت کە هەڵی بوەشێنێتەوە، ئەگەرنا ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار دەتوانێت بە پێی ئەم یاسایە کاتێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دیاری بکات و ئەو کاتەش بە چەشنی ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردن لە هەموو شوێنێکدا دەکرێت.

*** بەڵام ئەگەر ئەم چارەسەرە نەهاتەدی و ئەوان ڕازی نەبوون بە گەڕانەوە یاسای ساڵی ٢٠٠٥ ئایا دووبارە قەیرانێك دورست نابێتەوە؟**

- نەخێر لە ڕووی یاسایی و دەستورییەوە قەیران دروست نابێت، لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار کە تەوافوقی تێدایە و کورد و سوننە و شیعەی تێدایە دەتوانێت لەسەر بناغەی ئەو یاسایە بڕیاری دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بدەن. بەڵام هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەوان بۆ چارەسەری تەوافوقی لە ترسی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان کە دەزانن کوردەکان لە سەدا ٥٠ بۆ ٦٠ی دەنگەکان بەدەست دەهێنن، ئەمە ئەسڵی کێشەکەیە.

*** عەرەب و تورکمانەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی (حق النقض) ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار دەکەن، لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ئەوە دەسەڵاتێکە لە دەستووردا چەسپێنراوە و ئەوان ناتوانن هەڵیوەشێننەوە، ئەوە پێویستی بە هەموارکردنی دەستوورە و هەموارکردنیش ئالیەتی خۆی هەیە. ئەگەر جارێکی دیکە دەنگیان لەسەر مادەی ٢٤ دا، ئەوا دیسان لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە ڕەت دەکرێتەوە و ئەو کاتە پێویستی بە ١٦٥ دەنگ دەبێت بۆ پەسەندکردنی، کە هەرگیز ناتوانن ئەوەندە دەنگە کۆبکەنەوە، شتێکی مەحاڵە.

*** لە گفتوگۆکاندا عەرەب و تورکمانەکان داوای زەمانات دەکەن، ئایا زەمانەتی چیان دەوێت؟**

- باس لەوە دەکەن، هەندێ پۆستی ئیداری گەورە لە شارەکەدا بدرێت بە ئەوان، باس لەوە دەکەن زیادەڕەوی کراوە لە سەر موڵکی تایبەتی و گشتی و داوای ووردبوونەوە لە لیستی ناوی دەنگدەران دەکەن، ئێمە هیچ گرفتێکمان نیە لەم مەسەلانەدا، چونکە دڵنیاین ئەوانەی بۆ کەرکووك گەڕاونەتەوە خەڵکی ڕەسەنی ئەو شارەن.

*** لە چاوپێکەوتنێکماندا لە گەڵ سەلیم جبوری وتەبێژی بەرەی تەوافوق، پێی ڕاگەیاندین ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردووە باڵیۆزی دەوڵەتە دراوسێکانە بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بکەن؟**

- ئەوان پێشنیارێکی لەو شێوەیەیان نەخستۆتە بەردەمی ئێمە، ئەگەر کارێکی ئاواش بکەن، ئەوا دەیکەینە خاڵێکی زۆر بەهێز دژی ئەوان، لەبەر ئەوەی ئەوان هەمیشە باس لە سەربەخۆی و سەروەری دەوڵەتی عێراق دەکەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە داوای دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان دەکەن لە مەسەلەیەکی ناوخۆییدا، ئەگەر شتێکی ئاوای وتبێت، ئەوا ئەمە شتێکی شەرمەزارییە بۆ سیاسییەکی عێراقی کە پێشنیاری لەو چەشنە بکات. ئەمە لە لایەن هاوپەیمانی کوردستانی و لە لایەن ئیئتیلافی شیعە و تەنانەت لە لایەن زۆرێك لە عەرەبە سوونەکانیشەوە ڕەت دەکرێتەوە.

*** باس لە یاسایەکی تایبەتی دەکرێت بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکووك، ناوەڕۆکی ئەم پێشنیارە چۆنە؟**

- ئەمە باس لە دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك دەکات بۆ ئەوەی دواتر یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت لە پەرلەماندا، هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەمە دواخستنی کێشەیەکە نەك چارەسەرکردنی، هەرچەندە ئێمە ئەمەشمان قبوڵکردن، لەبەر ئەوەی ناترسین لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو شارەدا، ئێستا بێت یان دواتر.

*** ئایا ئەم یاسایە هیچ پەیوەندی بە ماددەی ١٤٠ەوە نییە؟**

- نا ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ماددەی ١٤٠ەوە هەیە، ئەوە ماددەیەکی دەستوورییە و باس لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان دەکات، ئەگەر حکومەت جیددی بێت لە جێبەجێکردنیدا ئەوا پەیوەندی نییە بەم یاسایەوە، بە پێچەوانە حکومەت یاسا و دەستور پێشێڵ دەکات.

●●●

**لە ماوەی سی ساڵدا حکومەتەکانی عێراق ٩٧ هەزار خێزانی کوردیان لەو شارەدا ڕاگواستووە، ئێستا ئەگەر هەر خێزانێک خێزانێکی دیکەی لێ کەوتبێتەوە، ئەوا ژمارەیان دەگاتە ٢٠٠ هەزار خێزان. ئەگەر هەر خێزانێکیش لە پێنج ئەندام پێکهاتبێت ئەوا ژمارەی ڕاگوێزراوەکان دەگاتە یەک ملیۆن کەس**

●●●

●●●

**ئەوان دەڵێن با هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام کورسییەکان بە ڕێژەیەکی یەکسان دابەش بکرێت، ئەمەش دژی هەڵبژاردن، دژی دەستوور و دژی بنەمای دیموکراسیە و زەوتکردنی مافی هاوڵاتیانە**

●●●

خەسرۆ گۆران جێگری پارێزگاری موسڵ بۆ گوڵان:

# حکومەتی عێراقی بە نیازە دوای مانگی رەمەزان هێزی سەربازی زیاتر رەوانەی موسڵ بکات



**خەسرۆ گۆران جێگری پارێزگاری موسڵە و یەکێکە لەو کەسانەی لە یەکەم رۆژی ئازادکردنی عێراقەوە رۆڵێکی بەرچاو گرنگی لە پارێزگای موسڵ گێراوە و، وێرای ئەوەی چەندین جار لەلایەن تیرۆریستانەوە هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە، بەڵام بێ گوێدانە ئەو مەترسییانەش بەردەوام بووە لە کارەکەی خۆی و هەوڵیداوە موسڵ ئەوشارە بێت کە هەموو پێکهاتەکانی بەکورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و کلدانەوە پێکەوە بژین و موسڵ لەگەڵ ئەوەی وەك شارێك سەر بەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی یان شارێك دەبێت لە ناو هەرێمە فیدرالییەکەی عەرەبی سوننە ئەگەر ئەو هەرێمە پێکبهێنرێت، بەڵام موسڵ چۆن لە رووی کەشوهەواوە پێی دەگوترێت شاری دوو بەهارە، لەرووی سیاسیی و پێکەوە ژیانیشەوە بەهاری سیاسیی هەموو پێکهاتە سیاسییەکان بێت .**

**بەڵام بەداخەوە و دوای ئەوەی ئەو کێشانە لەسنوری پارێزگای دیالەو شاری خانەقین رویاندا، هەندێك دەنگۆ هەن کەلەوانەیە باردۆخی موسڵیش هەندێك ئاڵۆزی و نائارامی تێبکەوێت، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی پارێزگای موسڵ و ئەو دەنگۆیانەی لەسەر موسڵ هەیە، بەرێز خەسرەو گۆران جێگری پارێزگاری موسڵ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

### رازی نابین ئەوەی لە خانەقین روویدا لە شوێنێکی وەک شەنگاریش دووبارە ببێتەوە.

لەدوای کێشەکانی خانەقین و دیالە باس لە سوپای عێراق دەکرێت کە رووەدەکاتە شاری موسڵ و ناوچە کوردیەکانی ئەو شارە و هەمان پرۆسە دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش نەك هەواڵێکی خراپ و مەترسی ئامێزە بەڵکو هەرەشە لە ئایندەی عێراقیش دەکات و زۆربەی چاودێران پێیان وایە ئەگەر سوپای عێراق بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت ئەوا پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا رووبەرووی هەڵدێرێکی گەورەدەبێتەوە سەبارەت بە دەنگۆیە بەرێز خەسرۆ گۆران جێگری پارێزگاری موسڵ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری:( من خوازیارم ئەوەی لە خانەقین روویدا لە موسڵ دووبارە نەبێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە هەڵمەتی سەربازیەوە هەبێت، ئەوا حکومەتی عێراقی بە نیازە دوای مانگی رەمەزان هێزی سەربازی زیاتر رەوانەی موسڵ بکات، بە هەمان شێوە هاوپەیمانانیش بە نیازن هێزەکانییان لەو شارەدا زیاد بکەن. بەڵام ئایا بۆ ئەوە دێن شاری موسڵ لە چەکدارە تیرۆریستیەکان پاك بکەنەوە، یاخود رووەدەکەنە ئەو ناوچانەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەیان گرێتەوە، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ئامانجەکانیانمان بۆ ئاشکرا بێت، ئەو کاتە هەڵوێستی خۆمان دەربڕین، بەڵام ئێمە رازی نابین ئەوەی لە خانەقین روویدا لە شوێنێکی وەك شەنگاریش دووبارە ببێتەوە.

### ئێمە دژی پێشکەوتنی موسڵ نیین بەڵام حکومەتی بەغدا بایەخ بەم شارە نادا

شاری موسڵ یەکێکە لەشارەگرنگەکانی عێراق، بایەخی هەیە لای عەرەبی موسڵ، هەربۆیە ئێستا هەوڵێکی زۆر



لــە ئارادایە بە بیانووی جۆراوجۆر و پێکهاتەی هەمەرەنگی موســڵ تێکبدرێت وشارەکە ســیمایەکی عەرەبی پێبدرێ، لەمبارەوە هەســتدەکرێت بە یارمەتی دەستی دەرەکی هەوڵێك بەو ئاراستەیە لە ئارادایە هەر بۆ نموونەش سەردانەکانی ئەم دواییەی تاریق هاشمی و هەوڵەکانی بۆ ئەوەی بە هاوکاری تورکیا و سوریا موسڵ ببێتە مەڵبەندێکی بازرگانی گەورە، ئەم هەوڵانە ئەگەر نییەتی پاکی لەپشــتەوە بێت، خزمەتی هەموو پێکهاتەکانی ئەم شــارە دەکات بەڵام هەندێك دەڵێن، ئەهەوڵانە ئامانجی سیاســیی لەپشتەوەیە دەربارەی ئەمەش بەرێز خەسرۆ گۆران گوتی:(جارێ پێش هەموو شت تاریق هاشمی خەڵکی موســڵ نییە، خەڵکی بەغدایە، دوای ئەوە هەر لە کۆنەوە موسڵ مەڵبەندێکی بازرگانی بووە، پایەتەختی باکــووری عێراق بووە، ســەنتەری ویلایەتی موســڵ بووە، شارێکی گەورەیە و دووەم شارە لە دوای بەغداوە، هەروەها بۆ عەرەبی سوونە گرنگی خۆی هەیە، ئەگەر عێراق ببێتە سێ هەرێم، ئەوا موسڵ گەورەترین مەڵبەندی شارستانی هەرێمی ســوونەکان دەبێت. بەڵام ئایا دەوڵەتە دراوســێکان خوازیاری کارێکی لەم چەشنەن، بەڵێ ئەمە بەدی دەکرێت، بۆ نموونە تورکیا قونســوڵیەتی خۆیەتی لە موســڵ کردۆتەوە لە بری هەولێر، بەڵام کوردەکانیش لە موســڵدا سەنگی خۆیان هەیە، یەك لە سەر سێ دانیشتوانی ئەو شارە کوردن، چەندین قەزا و ناحیە هەن لە سنووری ئەو شارەدا کە ماددەی ١٤٠ دەیان گرێتەوە، ئێمە دژی گەشەپێدانی موسڵ نین، بە پێچەوانەوە خۆشحاڵ دەبین، من وەك جێگری پارێزگای موسڵ هەوڵی راکێشــانی وەبەرهێنان و پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەم داوە بۆ ئەم شــارە، بەڵام هــەل و مەرجی ئەمنی لە بــار نییە و باری ئابووری تــەواو نییــە و حکومەتی مەرکەزیــش بایەخی پێویستی بەم شارە نەداوە، ئەوا پێنج ساڵە موسڵ راوەستاوە و هیچ پێشکەوتنێکی بە خۆوە نەبینیوە.

## هاوپەیمانێتی کوردستانی هەرگیز داوای نەکرووە موسڵ ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان

گرەوی عەرەبی سوونەلەســەر شاری موســڵ بۆ ئەوە نییە ئەم شــارە پێش دەکەوێت یان نا، بەڵکو ئامانجی ســەرەکی ئەوان ئامانجێکی سیاسییە نەك بیرکردنەوە لە خۆشگوزەرانی دانیشــتوانەکەی هەربۆیە هەوڵ دەدەن دووبارە باڵادەســتی خۆیان لەو شــارەدا بچەسپێنن، نەك بەو شــێوەیە بیربکەنەوە کە دانیشــتوانێکی تێکەڵی هەیــە و دەبێت هەمووان پێکەوە بــە ئاشــتیانە بژین، دەربــارەی ئەم تێروانینــەش بەرێزی گوتی:(حەتمــەن ئەوان ئەگەر لــە خانەقین هەوڵێکی لەم چەشنە بدەن، ئەوا سروشتییە لە شەنگار و قەزا و ناحیەکانی دیکەش هەمان هەوڵ دووبارە بکەنەوە. ئێمە لە هاوپەیمانێتی کوردستانی هەرگیز داوای ئەوەمان نەکرووە کە موسڵ ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردســتان، نەمان وتووە عەرەبی سوونە گەورەترین گرووپی ئەو شــارە نییە، ئەمە راستیەکە و دەبێت قبوڵی بکەن، بەڵام ئێمەش لەو شارەدا هەین و ناکرێت لایەنێك وای لە قەڵەم بدات کە تەنها ئەو لە شارەکەدا مافی هەیە.

## دەوڵەتانی دراوسێ هەمووشتێکیان لە عێراقدا بۆ ناچێتە سەر واقیع شتێکە و خواستی ئەوانیش شتێکی دیکەیە

ســەبارەت بەرۆڵی دەوڵەتانی دراوسێش لە پشتیوانیکردن بۆ چەســپاندنی ئەو نەهجەی عەرەبی سوننە گرتویەتیە بەر لە موسڵداو بۆئەوەی ناسنامەی فرەیی ئەو شارە بگۆرن خەسرۆ گۆران گوتی:

دەوڵەتە دراوسێکان هەمووشتێکیان بۆ ناچێتە سەر لە عێراقدا، واقیع شــتێکە و خواستی ئەوانیش شتێکی دیکەیە، تا ئێستا زۆرێك لە تیرۆریســتان لە سنووری نێودەڵەتی عێراقەوە دێنە ناو موســڵ و تەلەعفەرەوە، بەڵام تا چەند بۆیان دەچێتەسەر ئەوا بەراستی ناتوانم پێشبینی بکەم.

بەڵام راشــکاوانە دەڵێم زۆرێك لەو قەزا و ناحیەکان ماددەی ١٤٠ی دەســتوور دەیان گرێتەوە و هەمان حاڵەتی کەرکوك و ئەو ناوچانەی دیکەیان هەیە کە ناکۆکیان لەســەرە، ئێمە بە ئاســانی چۆڵیان ناکەین و بە ئاسانی رادەستی هێزەکانی عێراقییان ناکەینەوە.

### کێشەی ئاو بارگرژی و ململانێی هەرێمی لێدەکەوێتەوە..

# ئایا تورکیا دەتوانێ کێشەی ئاو تێکەڵ بە نەوت بکات؟

## کلیلی دیجلە و فوڕات وەک بارمتەیەکە بەدەست تورکیاوە..

پسپۆڕێکی بواری ئابووری سیاسی:

## ململانێی داهاتوو لە ناوچەکە لەسەر سیاسەت نابێ بەڵکو لەسەر ئاو دەبێت

**ئەگەر بەنداوی ئیلیسو تەواو بێت ئەوا تورکیا دەتوانێ بەتەواوی ڕێگا لەهاتنە ناوەوەی ئاوی دیجلە بۆ عێراق بگرێت**

**ئەو بەنداوانەی ئێران لەسەر زێی سیروان و ئەڵوەند دروستی کردووەو ڕووبارەکانی کوردستانی دووچاری وشکبوون کردووە**




▲ ئەو هێڵە شینانە گوزارشت لەو بەنداوانە دەکات کە هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران بەنیازن لەسەر سنووری عێراق دروستی بکەن

## شەبەحی جەنگی ئاو لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا..

ئاو بنەماگەی هەموو پێشــقەچوونێك و بوونــی ژیانە لەجیهاندا، لەبەرئەوەی کۆنترین شارســتانییەت لە قەراخی ڕووبارەکانەوە دەستی پێکردووە و گەشــەی کردووە. وەك وڵاتانی نێــوان هەردوو ڕووباری میزۆپۆتامیا کە کوردستان بەشێکە لەو ناوچەیە. لەبەرئەوەی زۆربەی مەترۆپۆلەکان و شار و دێهاتەکانی جیهان لە نزیکی ڕووبار و کانیاوەکانەوە گەشــەیانکردووە. بۆیە بایەخی ئاو لەهەموو سەرچاوەیەکی سروشتی دیکە پێویســتە بۆ ژیان و شارستانییەت، بە بێ ئاو نە دەتوانین بژین و نە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش دەتوانێ نەشــونما بکات. تەنانەت هیچ مرۆڤێك ناتوانێ هەفتەیەك بەبێ ئــاو بژیت، بەڵام دەتوانێ مانگێك بەبێ خۆراك بژیت. ئێستاش لەسەردەمی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیادا قۆســتنەوەی ڕووبەرێکی زۆری ئاوی دەریاکان و بەنداو دروستکردن لەبەردەم ئەو ســامانەدا و خــستنە نێو واری سیاسیی و ئابوورییەوە، ئەوەندەی دیکە ئەو سامانە سروشتییەی ئەرزشمەند کردووە. لەم ڕووەوە کوردستانیش وەکو زۆربەی ناوچە دەوڵەمەندەکانی جیهان بێبەش نییە لە چەم و دەریاچە و سەرچاوە ئاوییەکان. لەبەرئەوە وا چاوەڕوان دەکرێ گەورەترین کێشــە ڕوویدات لــە دوارۆژدا بەهۆی کەمی ئاو و نارێك دابەشبوونی لەجیهاندا، ئەمەش لە کێشەی پەترۆل و گازی سروشتی گەورەترە. ئاشــکرایە هەرێمی کوردســتان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان لەڕووی سامانی ئاوەوە، بەڵام بە هۆی ســوود وەرنەگرتن لەو سامانە گەورەیە زۆربەی دانیشتوانی هەرێمەکە کێشەی بێ ئاوییان هەیە.

●●●

**حکومەتی کوردستان بە پراکتیکی پرۆژەی بەنداوی گەورەی جێبەجێ نەکردووە، بە پێچەوانەی تورکیاو ئێرانەوە**

●●●

### هەرێمی میزۆپۆتامیا و قەیرانی ئاو

دەگێڕنــەوە و دەڵێن دوو کەس زۆر بــە زیرەکی و لێهاتوویی ناویان دەرکرد. ناوبژیوانێك ویســتی بزانێت کامەیان زیرەکترە، پرســیارێکی لە هەریەکێکیان کرد، کە چۆن ئاســتی زیرەکی خۆیان دەســەلمێنن؟! یەکەمیان وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئەگەر کەوتمە نێو کێشــەیەکی گــەورە هیچ بیر لــە هاتنە دەرەوەی ناکەمــەوە». دووەمیان گوتی: «بــەڵام ئەگەر من کەوتمە نێو ئەو کێشــەیەوە ئەوا یەکســەر بیر لە دەرچوونی دەکەمەوە بە کەمترین زیان».

هەرێمــی میزۆپۆتامیا (دۆڵــی ڕافیدەین) ئێســتا ڕووبەڕووی کێشــەیەکی گەورەی کــەم ئاوی بۆتەوە و خاکەکەی وشــك بۆتەوە. ئەمــەش لەبەرئەوەی عێراق خاوەنی دەســەڵاتی دیکتاتۆرێك بووە کە بــە هیچ کلۆجێك بیری لە ئاینــدە نەکردۆتەوە تەنها لەپێناو مانەوەی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی نەبێت، لە فەرهەنگەکەشیدا جگە لە شەڕ و ئاشــووب و زەرەر و زیان هیچی دیکەی تێدا نەبووە، بۆیە هەر زوو بیری لە ڕێگاچارەی جۆری دووەم کردۆتەوە کە لە کێشــەکە دەرچێت با زەرەر و زیانیش بهێنێت.

●●●

**عێراق و سوریا ماوەیەکی درێژە داوا لەتورکیا دەکەن ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ببەستێت تێیدا ڕادەی ئەو ئاوە دەستنیشان بکرێت کە ساڵانە دەگاتە زەوییەکانی ئاو**

●●●

لە هەشتاکانی ســەدەی ڕابردوودا سیەکولاسیۆن و دەنگۆیەکی وا بڵاو بووەوە، کە شــەڕێك لە جیهاندا بە ڕێگاوەیە ئەویش شەڕی ئاوە. ڕژێمی دیکتاتۆری عێراقیش چونکە:

یەکەم: هەر حەزی لە شــەڕ و ململانێ بووە، بۆیە خێر و بێری لە دروستکردنی چەك و تەقەمەنی کاولکەر هێنا بۆئەوەی مووشەکەکانی خێــرا بگاتە ئەو شــوێنە دوورانــەی کە خۆی مەبەســتییەتی. بە پێچەوانــەوەی ئەوەش لایەنی بەرامبەریشــی خــۆی بۆ چەکێکی دیکە ئامادەکرد بە دروســتکردنی چەنــد بەنداوێکی گەورە کە زەوی بەرامبەری پێ وشك بکاتەوە.



دەوڵەتی تورکیا لەپێناو بەرژەوەندی و ئاسایشی خۆی ئامادەیە مێژووی مرۆڤایەتی و رەسەنایەتی و کولتوور و دیرۆکی گەلێك بەتەواوی نوقمی ژێر ئاو بکات

دووەم: لــە کاتێکــدا کە لە هەموو دنیا بیر لــەوە دەکرایەوە کە ئاو بــە دڵۆپ دڵــۆپ بپارێزرێ بۆ جوانکردنی خاك و باخ و بێســتان و کەســکایی، بەڵام ڕژێمی عێراق بە پێچەوانەوە خۆی هەڵدەســتا بە برینەوە و ســووتماك کردنی دارستانەکانی ســەر ڕێگا و لەناوبردنی هــۆرەکان و چیمەنتۆ و کۆنکرێت کردنــی دەوروبەری ڕێگاو بانەکان کە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان دێنێ و نەهێشتنی سەوزایی لەسەر ڕێگاکاندا.

سێیەم: وڵاتانی دراوســێ هەوڵیاندەدا ئاوەکانیان شیرین و سازگار بێت بۆ ئایندەیان و پــرۆژە چاکەکانیان. بەڵام ڕژێمی عێراق هەر زوو بیری لە داگیرکردنی کوەیت کردەوە، چونکە زۆر دڵسۆزی بیری خۆی نەبوو کە عێراق بکاتە وڵاتێکی گەلسالاری و پایەدار.

### جەنگی «ئاو»: جەنگی ئایندە

کوشندەترین جەنگ کە ژیانی مرۆڤ و مێژووی دەخاتە مەترسییەوە و هەڕەشەی لەناوبردنی دەکات تەنها ئەو جەنگانە نین کە بە گوللە و تۆپ و فڕۆکە و مووشەك ئەنجام دەدرێت، بەڵکو شێوەگەلی دیکەش هەن و هۆیەکانی بەکارهێنانی زۆرن، دەرەنجامەکەشی زۆر وێرانکەرتر و کاریگەرترن کە پەیوەندی تەواویان بە ژیانەوە هەیە. ئەم جۆرە جەنگە زۆر جیاوازی هەیــە لەگەڵ هەموو جۆرە جەنگێك. ئەویش ئەو جۆرە جەنگەیــە کە چەکــە بەکارهێنراوەکەی بریتییە لە ئاو. نەخۆشــی و هاوشــێوەی ئەمانە کە هەمووی کوشــندەیە بــۆ لەناوبردنی ژیانی مرۆڤ.

دیــارە عێراقیش هەر لە ســەرەتای دامەزراندنییەوە وڵاتێکی پڕ لە شــەڕ و شۆڕ و پاشــاگەردانی بووە و وا خەریکە دووچاری ئەم جۆرە جەنگەش دەبێت، کە جەنگی کەم ئاوی و وشکبوونەوەی زەوییە.

بێگومــان هەردوو ڕووبــاری دیجلە و فورات بە لقەکانیشــییەوە هەمووی ســەرچاوەی ژیانی مرۆڤن لەناو خاکی کوردستان و عێراق. ئەمــەش تەنها دیاردەیەکــی تازە نییە بەڵکو لە هەمــوو دنیا بەدی دەکرێ لەنێوان دەوڵەتە هاوســنوورەکان، زۆر پرۆتۆکۆڵ و پەیماننامە



بەدروستکردنی بەنداوی ئیلیسو لە شاری باتمان هاوینەهەواری حەسەن کێف کە مێژووەکەی بۆ ١٢ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە بە تەواوی ژێر ئاو دەکەوێت

و بەرژەوەندی بە یەکتریان دەبەستێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و عێراق جیاوازییەکی تر هەیە بەو پێیەی هەموو سـەرچاوە ئاوییەکان لە دەرەوەی سـنوورەوە دێتە ناو خاکی عێراقەوە، کە وەك بارمتەیەکە و لەدەستی عێراقییەکاندا نییە. لەبەرئەوە کلیلەکەی لەلای حکومەتی تورکیایە بە تایبەتی لەسـەر بەنداوی (دارستان) و چەند بەنداوێکی دیکە، کە ڕێژەی بەردانەوەی ئاو لەوێ دەخرێتە مەترسییەوە لە کاتێکدا بـە کەمی بگاتە نـاو خاکی عێراق لەگەڵ خۆیدا چەند کێشـەیەك دروسـت دەکات کە چارەسەری ئاسـان نییە، ئەمە بێجگە لەوەی کە وشکەساڵی ئەمساڵ ئاکامی زۆر ترسناکی لێکەوتەوە، کە بووە هۆی کەمی ڕێژەی بەرووبوومی کشتوکاڵی و ڕزی بوونی تۆوە چاندراوەکان کە بوونەتـە خواردەمەنی تەیر و تواڵ و باڵنـدەکان. بە تایبەتی لەو شـوێنانەی کە بە تەواوی پشـت بە سـەرچاوەی باران دەبەستن بۆ کشـتوکاڵ، بەڵام بوون و نەبوونی باران و بارودۆخی کەشوهەوا شتێکە لە دەسـتی مرۆڤدا نییە. تەنها کەمی ئەو سەرچاوە ئاوییانە نەبێت کە لە بەنداوە گەورەکانی تورکیاوە دێن.

ئێستا نیشانەکانی ئەم مەترسییانەی وشکبوونەوەی زەوی دیارە، کە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق وێران دەکات و بەرەو بیابانی وشکی دەبات کە بەشـێکی لە پارە ڕۆژانە دەبێتـە بەردین و قوم و خۆڵێکی بێ کەڵك، ئەمە جگە لە وەستانی چالاکی پیشەسازی و پەککەوتنی تۆربینەکانی کارەبا کە پشـت بە سەرچاوەی ئاو دەبەستێت. لێرەدا کە ئاو نەبوو ئیـدی ناتوانرێت تۆربینەکانی کارەبـاش چاك بکرێتەوە و جارێکی دیکە بخرێتەوە کار. لە ڕووی مرۆیشـەوە دەبێت ئەوە بزانین کاتێك وشکەسـاڵی ڕوویدا یان زەوی بە ئەنقەست وشك کرا ئەوا دەبێتە هۆی کۆچکردنی جوتیار و خاوەن کێڵگە کشتوکاڵییەکان و جێهێشتنی زەوی و زاریان بەرەو شـوێنێکی دیکە بۆ ناو شارە گەورەکان و گەڕان بـە دوای کارێکی دیکە کە مەرداره‌کان و سـەرچاوە ئاژەڵییەکانیش دەگرێتەوە. لێرەدا بەرزترین ڕێژەی بێکاری لە مێژووی کوردسـتان و عێراقدا سەرهەڵدەدات کە چارەسەرەکەی ئاسان و خێرا نییە.

ڕێـژەی بەردانـەوەی ئاو بۆ نێـو هەرێمی کوردستـان و عێراق و وشـکبوونەوەی خـاك بە ئەنقەسـت تەنها بۆ بیری ئەو بەرپرسـە دەسەڵاتدارانە دەگەڕێتەوە کە توانای ئەو جۆرە کارانەیان هەیە، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی کە خاکی هەرێمی کوردسـتان و عێراق دەوڵەمەندە بە نەوت و دەیانەوێ لەم ڕێیەوە کێشـەی ئاو تێکەڵ بە کێشەی نەوت بکەن، کە زۆر لە کۆنـەوە ئەم بیرۆکەیان هەبووە بۆئەوەی بەروبوومی کشـتوکاڵی لاواز بکەن و ئاو بکەنە سەنگێك بەرامبەر نەوت، چونکە ئاو لە سـەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێت کە دەوڵەتێك دەبێتە خاوەنەکەی و بەناو خاکی چەند وڵاتێکی دیکەشـدا لە سنوور دەپەڕێتەوە، کە چەند بنەماگە و پرۆتۆکۆڵێك بە یەکتریان دەبەسـتێتەوە. بەڵام نەوت وا نییە هەر وڵاتێك خاوەن نەوتی خۆیەتی و بۆ کەسـی دیکە نییە گەمە بە سـەرچاوەی نەوت بکات، جگە لە خودی وڵاتە خۆی نەبێت. ئەوەی گرنگە بۆ سـەرچاوەی ئەو کێشەیە، لایەنە تەکنیکییەکەیە کە دەبێت خێرا دەست بکرێت بە دروستکردنی بەنداوی گەورە بۆ گلدانەوەی ئاو لـەو ئاوانەی کە لە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە دێن بۆئەوەی ڕێگە نەدرێت ئاو وەك کارتی گوشار بەکاربهێنرێت، کە خەریکە خاکی کوردستانیش بگرێتەوە تاکو ئەم کارتەی ئاو بەرەو ئاقارێکی سیاسیی نەڕوات.

## دروستکردنی بەنداوی ئیلیسو:
## تێکدانی گەنجینەی مێژوویی و قوفڵدانی ئاوی دیجلە بەڕووی عێراقدا

دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی سیاسـەتی ڕاگواستنی کوردان و بەکارهێنانـی ئاو وەکو کارتێکی ململانێ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەیەوێ دەسـت بە دروسـتکردنی بەنداوی ئیلیسـو (Ilisu) بکات. بەگوێرەی زانیارییەکان ئەوکاتەی بەنداوی ئیلیسو-ی تەواو بێت ئەوا تورکیا دەتوانێ بۆ ماوەی ٣٠ سـاڵ ئـاوی دیجلە بەڕووی عێراقدا بگرێتەوە و قوفڵ بدات. ئەمە جگە لەوەی مێژووی ١٢ هەزار سـاڵی هاوینەهەواری دێرینی (حەسەن کێف) لە شاری باتمان و ئەو شێنەوار و گەنجینە مێژووییانەی باکووری کوردستان هەمووی لەژێر ئاودا بەجێ دەمێنن و کاریگەری دەخاتە سـەر شارەکانی مێردین و سێرت و باتمان و دیاربەکریش. لە ڕەوشـێکی وەهادا ناوچەی حەسەن کێف بەتەواوی دەکەوێتە بن ئاو و دەکەوێتە چوارچێوەی پرۆژەی بەنداوەکە کە دەوڵەتی تورکیـا دەیەوێ بۆ خاپوورکردنی گوندەکانی کوردسـتان و تێکدانی تەفگەری ئازادیخوازی گەلی کوردسـتان بـەکاری بهێنێت، هەروەك دەخوازێ وەکو کارتێکی گوشـار لەدژی وڵاتانی دراوسـێ بەکاری بهێنێت، چونکە لە زهنییەتی دەوڵەتی تورکیادا سـە دەسـاڵی داهاتوو سەدەی ئاوە و شەڕی ئاو دەست پێدەکات و لەم ڕووەوە تورکیا دەتوانێ پێگەی جیۆسیاسیی و ستراتیژی کوردستان ئیستغلال بکات.

لـەم ڕووەوە حکومەتـی تورکیا داوای لە دانیشـتوانی ناوچەی حەسـەن کێف کردووە کە لە شوێنەکانیان بار بکەن و ڕوو بکەنە بناری چیای دامان کە چەند کیلۆمەترێك لەشـوێنی ڕەسەنی خۆیان دوورە، بەڵام خەڵکی ئـەو ناوچەیە بە هیچ کلۆجێك ئامادەنین زێدی باب و باپیرانیان چۆڵ بکەن. لەم بارەیەوە گەلێ سیاسـەتمەدار و ڕووناکبیر و هونەرمەندە چەپ و سۆسیالیستەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەوانەی هاوسـۆزیان لەگەڵ کێشەی گەلی کورد دا هەیە بە توندی دژی ئەو بڕیارەی دەوڵەتی تورکیا وەستاونەتەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێستا لە تورکیا هەڵمەت و کامپەینێکی ناڕەزایی دەستی

●●●
دەبێت خێرا دەست بکرێت بە دروستکردنی بەنداوی گەورە بۆ گلدانەوەی ئاو لەو ئاوانەی کە لە دەرەوە دێنە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، بۆئەوەی ڕێگە نەدرێت ئاو وەک کارتی گوشار بەکاربهێنرێت، کە خەریکە خاکی کوردستانیش بگرێتەوە تاکو ئەم کارتەی ئاو بەرەو ئاقارێکی سیاسیی نەڕوات
●●●

●●●
تورکیا ڕەتی کردۆتەوە ئیمزا لەسەر «ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارەکان بە مەبەستی کەشتیوانی» بکات، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٩٧ پێشنیاری کرد
●●●

پێکردووە لەدژی تێکدان و خاپوورکردنی هاوینەهەواری دێرینی حەسەن کێف.

پەیوەست بەم مژارە گرنگە، پارێزەر بەنگی یەڵدز ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP) لەشاری باتمان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان ڕوونیکردەوە کە دەوڵەتی تورکیا ڕژد و مکوڕە لەسەر دروستکردنی بەنداوی ئیلیسو، تەنانەت ئەگەر هەموو کورد و وڵاتانی ناوچەکە و دنیاش نارەزایی دەرببڕن. لەبەرئەوەی ئەمە بڕیارێکە لەلایەن حکوومەت و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەرچووە، هەرچەندە کە دروستکردنی وەها بەنداوێك لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ناکۆکە. چونکە نابێت شوێنەوارە دێرین و شارستانییەکان تێکبدرێن و بەنداویان لەسەر دروست بکرێت. لەبەرئەوەی ناوچەی حەسەن کێف لەزمنی شوێنەوارە مێژووییەکانی دینا لەڕێکخراوی یونسکۆ لەپاریس تۆمار کراوە. بەڵام تورکیا پێداگری لەسەر تەواوکردنی پرۆژە بەنداوی ئیلیسو دەکات بۆئەوەی لەداهاتوودا وەکو چەکێکی کاریگەر لەدژی کورد و وڵاتانی هاوسێی بەکاری بهێنێت. هەروەك چۆن پێشتر بەنداوی ئەتاتورك لەدژی سوریای بەکارهێنا بۆ ڕادەستکردنەوە و دەرکردنی ئۆجەلان، ئەوا لەماوەی داهاتووشدا دەتوانێ وەکو کارتێکی گوشار بەکاری بهێنێت بۆ ئیحراجکردنی هەولێر لەبەرامبەر بەغدا بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارانی پەکەکە لە قەندیل. هەر بۆیە دەوڵەتی تورکیا بۆ ئاسایش و بەرژەوەندی خۆی بێ باکانە ئامادە کولتوور و هونەر و ڕەسەنایەتی و مێژوو و شارستانییەتی گەلێك بەتەواوی بخاتە ژێر ئاوەوە. هەروەها پارێزەر بەنگی یەڵدز لەدرێژەی ئاخاوتنەکانیدا بۆ گوڵانی بە ئەسەفەوە باسی لەهەڵوێستی وڵاتانی ئەڵمانیا و سوید و نەرویج و ئیتاڵیا کرد کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕەزامەندییان لەسەر دروستکردنی ئەو بەنداوە نیشانداوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانە پشکیان لەدروستکردنی ئەو پرۆژەیەدا وەرگرتووە.

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی تورکیا پێیوایە ئەو مەسەلەیە پێویستی بە گرتنەبەری هەڵمەتێکی دیپلۆماسی گەورە هەیە لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پووچەڵکردنەوە و لەباربردنی پرۆژەی بەنداوی ئیلیسو. هەروەها پێیوایە ئەمە بۆ هەموو کوردان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش هەم مەسەلەیەکی کولتوورییە لەبەرئەوەی شارستانییەتی مرۆڤایەتی ژێر ئاو دەکەوێت. هەم مەسەلەیەکی نەتەوەیشە لەبەرئەوەی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردەوە هەیە، بۆیە پێویستی بە گرتنەبەری سیاسەتێکی نەتەوەیی هەیە.

ئەندامێکی باڵای پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی لەشاری دیاربەکرەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆژە بەنداوی ئیلیسو سەردانی هەولێر و پەرلەمانتارانی عەرەبی بەغدای کرد، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە گوڵان-ی ڕاگەیاند ئەگەر بەنداوی ئیلیسوی دروست بکرێت ئەوا پتر ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بەغدا دەبێت نەك هەولێر، لەبەرئەوەی ئەو ئاوەی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە ڕێژەیەکی گەلێ زۆرە و ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە بەکاربهێنرێت نەك هەر بەشی خەڵك بەڵکو بەشی کشتوکاڵ و باخ و ئاژەڵداریش دەکات. بۆیە کورد لەمەودوا دەتوانێ تۆپەکە فڕێ بداتە گۆڕپانی عەرەبەکان و کێشە و ئاڵۆزییەکە لەخۆی دووربخاتەوە، ئەوکاتە زیاتر بارگرژییەکە دەکەوێتە نێوان تورك و عەرەب. لەبەرئەوەی ئاوی دیجلە لە عێراق زیاتر بەنێو ئەو ناوچانە ڕەت دەبێ کە تەماسی لەگەڵ عەرەبەکاندا هەیە و بەنێو بەنداوی موسڵ و ناوچەکانی دیکەدا دەڕوات، بەمەش لەهەر حاڵەتێکی گلدانەوەی ئاوی دیجلە لەلایەن تورکیاوە ئەوا سەرجەم ئەو ناوچانە بە تەواوی وشك دەبێت و بەمەش زەرەرمەندی سەرەکی عەرەبەکانن.

جێی وەبیرهێنانەوەیە، تورکیا تائێستا بە فەرمی ڕەتی کردۆتەوە واژۆ لەسەر «ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارەکان بە مەبەستی کەشتیوانی» بکات، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٩٧ پێشنیاری کرد و داوای لە وڵاتانی ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییە کرد کە پێویستە ئەو وڵاتەی کە سەرچاوەی ئاوەکەی لێ هەڵدەقوڵێت بەر لە دروستکردنی هەر پرۆژەیەکی بەنداو و گلدانەوەی ئاو لەسەر ئەو سەرچاوە ئاوییە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو وڵاتانەشدا بکات کە ڕێڕەوی ڕووبارەکەیان بەناودا دەڕوات. هەر بۆیە وڵاتانی عێراق و سوریا ماوەیەکی درێژە داوا لەتورکیا دەکەن ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ببەستێت تێیدا ڕادەی ئەو ئاوە دەستنیشان بکرێت کە ساڵانە دەگاتە زەوییەکانی ئاو.

جێی باسە، ئاوی ڕووباری دیجلە و فوڕات لە مێژە جێگەی ناکۆکی و ململانێی تورکیا لەلایەك و عێراق و سوریا لەلایەکی دیکەیە. بە تایبەتی لەدوای تەواوکردنی پرۆژە بەنداوی ئەتاتورك لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو. بۆیە وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی هەر سێ وڵات لەکاتی کۆبوونەوەیان دەربارەی دروستکردنی بەنداوی ئیلیسو، زۆر بە چڕوپڕی باسیان لەو بەنداوە نوێیەی تورکیا کردووە. هەریەك لە سوریا و عێراقیش پێشنیاری ئەوەیان کردووە تورکیا لەمساڵەدا بەهۆی ئەو تەوژمەی وشکەساڵی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە داوا دەکەن بەشێکی زیاتر لە ئاوی دیجلە بگاتە خاکی ئەوان. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەفتەی ڕابردوو ئەنجومەنی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بابەتی داواکراوی عێراقی سەبارەت بەهەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات دواخست.

**ئاو لە سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێت کە دەوڵەتێک دەبێتە خاوەنەکەی و بەناو خاکی چەند وڵاتێکی دیکەشدا لەسنوور دەپەڕێتەوە، کە چەند پرۆتۆکۆڵێک بە یەکتریان دەبەستێتەوە. بەڵام نەوت وا نییە هەر وڵاتێک خاوەن نەوتی خۆیەتی و بۆ کەسی دیکە نییە گەمە بە سەرچاوەی نەوت بکات، جگە لە خودی وڵاتە خۆی نەبێت**

## حکومەتی کوردستان پرۆژەو بەنداوی گەورەی دروست نەکردووە

محەمەد ئەمین هەورامی شارەزا لە بواری پرۆژەکانی هایدرۆپاوەر پێی وایە گەرچی بنیاتنانی بەنداو سوود و ئاکامی پۆزەتیڤی بۆ ئەمبارکردنی ئاو و پرۆژەکانی ئاودێری هەیە، بەڵام پێویستە ئاگاداری لایەنی خراپیشی بین، لەم ڕووەوە پێویستە هەموو پرۆژەیەك کەڵکی ژینگەیی هەبێت، ناکرێت شار و گوند و ڕووبەرێکی فراوانی دەشتایی و کشتوکاڵی بخرێتە ژێر ئاوەوە و زیانەکانی لە سوودەکانی زیاتر بێت و ناوی لێبنرێت پرۆژەی ستراتیژیی، بۆیە بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی دژی دروستکردنی زۆر بەنداون وەکو بەنداوەکانی تورکیا، کە ئێستا لە ناوچەی هەکاری و باتمان بنیات دەنرێت. یاخود ئەو بەنداوانەی ئێران لەسەر زێی سیروان و ئەڵوەند دروستی کردووەو ڕووبارەکانی کوردستانی دووچاری وشکبوون کردووە. سەبارەت بە پرۆژەکانی بەنداو ناوبراو پێی وابوو: حکومەتی کوردستان بە پراکتیکی پرۆژەی بەنداوی گەورەی جێبەجێ نەکردووە، بە پێچەوانەی تورکیاو ئێرانەوە، ئەو پرۆژانەش بمانەوێت و نەمانەوێت جێبەجێ دەکرێت بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کوردیش بە پراکتیکی هەنگاو بەرەو بنیاتنانی پرۆژەی گەورەی بەنداو بنێت. لەوانەش دروستکردن و تەواوکردنی بەنداوی بێخمە کە سوودێکی ستراتیژی دوورمەودای هەیە بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنی جیاجیاوە.

**ئاو دەبێتە یەکێک لەو سەرچاوانەی کە ئاسایشی نەتەوەیی پێوە بەندە و لەدوای نەتەوە بە گرنگترین سامانی سروشتی پۆلین دەکرێت**

# ئاگادارییەک
# لە کۆمپانیای بەرزنجەوە

**هەولێر- رێگای کەسنەزان/ تەنیشت کۆمەڵگای های ستی**







کۆمپانیاکەمان هەستاوە بە رێککەوتن لەگەڵ نەخۆشخانە پلە یەکەکان و بەناوبانگەکانی هەریەك لە شارەکانی ئەنکەرە و ئەستەنبۆڵ لە پێناو پێشکەش کردنی سەرجەم خزمەتگوزاریی و تەندروستییەکان بۆ ئەو نەخۆشە عێراقییانەی لەسەرتاسەری عێراق بەمەبەستی چارەسەرکردن روو لەو دوو شارە دەکەن، ئەمەش لە سەر دەستی باشترین پزیشك و بەکارهێنانی نوێترین و چاکترین ئامێری پزیشکی سەردەم .

دوای ئەوەی ئەو هاوولاتییەی بەمەبەستی چارەسەرکردنی روو لە هەریەك لەو نەخۆشخانانە دەکات کە کۆمپانیاکەمان گرێ بەستی لەگەڵدا مۆرکردوون، لە ولاتی تورکیا کۆمپانیاکەمان کارئاسانی تەواوی پێشکەش دەکات بۆ وەرگرتنی فیزە، دوای ئەوەی نەخۆشەکەش کە دەگاتە ئەنکەرەی پایتەخت یاخود شاری ئەستەنبۆڵ کارمەندانی کۆمپانیانەکەمان لە پێشوازی نەخۆشەکەدا دەبن و دواتریش لەگەڵیاندا دەبن تاوەکو ئەو هوتێلانەی کە کۆمپانیاکەمان گرێ بەستی لەگەڵدا مۆرکردوون ، دواتر دوای ماوەیەك لە رێگەی کارمەندان و وەرگێڕەکانی زمان باری تەندروستی شی دەکرێتەوە بۆ بەدواداچوون و چارەسەرکردن.

هەروەها ئەو نەخۆشخانانە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بەو نەخۆشانە دەکات لە رێگەی کۆمپانیاکەمان کۆمپانیای بەرزنجە بۆ بازرگانی رەوانە دەکرێن ئەویش بەرێژەی ٢٠٪ تاوەکو ٦٥٪، بەڵام ئەو نەخۆشانەی باری تەندروستیان نائاساییەو پێویستە زوو چارەسەربکرێن ئەوا کۆمپانیاکەمان هەڵدەستێ بە دابینکردنی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لەسەر سنووری عێراق- تورکیا بەمەبەستی زوو گەیاندنیان بۆ ئەو نەخۆشخانانەی کە ئاماژەمان پێکردون و دواتریش گەڕاندنەوەیان.

* ئێمە ئامادەین بۆ پێشکەشکردنی سەرجەم خزمەتگوزاری و رێنماییەکان لەسەرجەم بوار و پسپۆڕییەکان کە گونجاوە لەگەڵ بوارەکانی زانستی و شارەزایی ئێمە.

* ئەو نەخۆشخانانەی لەگەڵ کۆمپانیاکەمان کار دەکەن ئەمانەن:

- نەخۆشخانەی (جاغ)ی ، ئەهلی.
- نەخۆشخانەی (یوزنگویل)،( ١٠٠yil)، ئەهلی.
- نەخۆشخانەی(٢٩ مایس) (٢٩ mayis ) ئەهلی.
- نەخۆشخانەی (حاجیەت تەبی)، حکومی.
- نەخۆشخانەی غازی(gazi) ، حکومی.
- نەخۆشخانەی ئەنکەرە (ANKARA) حکومی.

* ئەو نەخۆشخانانەش خزمەتگوزارییەکانیان لەم بوار و پسپۆڕیانەی خوارەوە پێشکەش دەکەن.

- نەخۆشییەکانی هەناو
- نەشتەرگەریی گشتی









# گوتاری لۆژیکانەی کورد و ئەقلیەتی تاکڕەویی لە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدادا

پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا بە قۆناخێکی گرژی سیاسیی تێدەپەڕێت، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەوە دەترسێت، کە هەوڵێك لە ئارادایە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ تەنگژەیەك لەنێوان کورد وبەغدا دروست بکەن و مەسەلەی بونیادنانەوەی عێراقیی لەسەر بنەمای دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی و یەکێتی ئارەزومەندانە بخەنەوە چوارچیوەی ململانێ نیوان کورد و عەرەب لە عێراقدا، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە زۆر لایەنەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوەستەی کردووە و هەستی بەو مەترسیە کردووەو دەزانێت زەمینەی بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق بەو ئاستە لەبارە کە گوتاری شۆڤێنزمی عەرەبی ئاراستەی عێراق بە لایەکی دیکەدا ببات،بێگومان ئەم ئاراستەیەش لەم خاڵانەوە سەرچاوە دەگرێت:

١. ئێستا لە عێراقدا پرۆسەی دیموکراتی بەو ئاستە گەشەی نەکردووە، کە خودی پرۆسەکە دیالۆگی ئاشتیان فەرزبکات و ئاستی هۆشیاری عێراقییەکانیش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە مەسەلەی دیموکراسی وەك مەسەلەی مردن و ژیان سەیر بکات، بێگومان کە ئەم فاکتەرە وەك پێویست لە پرۆسە سیاسیەکەدا بوونی نەبێت، کەواتە فاکتەری دیکە جێگەی دەگرێتەوە، کە ئەویش گوتاری شۆڤێنی عەرەبیە و ئەم بیرکردنەوەیەش لەبری ئەوەی بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانمان ببات بەرێگەی دیالۆگی ئاشتیانە، رووبەرووی بە بن بەست گەیشتن وئاڵۆزکردنمان دەکاتەوە، هەربۆیە گوتاری سیاسی هەرێم لەم پرۆسە ئالۆزەدا ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتووە و هەوڵدەدات بە هێمنی و بەزمانی دیالۆگ و رێککەوتنی سیاسیی ئەم کێشەیە تاوتۆ بکرێت، وەك هەنگاوی یەکەمیش هەوڵدەدات لایەنی بەرامبەر لەمەترسی یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسیەکان بە رێگە چارەی سەربازی ئاگادار بکاتەوە، ئێمە لە کاتێکدا ئومێد دەخوازین بەرامبەر بە گیانی بەرپرسیاریەتی لەم گوتارە نەرم و شارستانییەتەی هەرێمی کوردستان تێبگەن .

٢. لە کەلتوری سیاسیی عێراقدا، بەتایبەتی کەلتوری حوکمرانی و بەرێوەبردنی وڵاتدا، هونەری دیپلۆماتی وپەنابردن بۆ هێزی دپلۆماتی بەو ئاستە کامڵنەبووە، کەببێتە هۆکارێك بۆئەوەی تەنگژە ئالۆزەکان بخاتەوە سەرمێزی دانوستاندن و بەرێگە چارەی دیالۆگ هەولبدرێت دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزرێتەوە، بەپێچەوانەوە کەلتوری حوکمڕانی عێراق کە دەتوانین ئۆپۆزسیونی عەرەبی عێراقییش کە تارادەیەکی زۆر سیاسەت و دبلۆماتیان کاردانەوەی سیاسەت و دبلۆماتیەتی حکومەتی عێراق بووە، هەربۆیە دەبینین کەلتوری تۆڵەسەندنەوە زاڵە بەسەر کەلتوریی لێبوردەیی و پێکەوە ژیاندا، ئەم مەسەلەیە تەنیا لە پەیوەندنی نێوان هەریم- بەغدا رەنگدانەوەی نییە، بەڵکو لە پەیوەندنی نێوان عەرەبی شیعە وعەرەبی سوننەشدا بەدرێژایی ٥ ساڵی رابردوو دیاردەیەکی زەق و بەرچاو بووە و، لەسەرەتای رووخانی رژێمدا عەرەبی شیعە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو کە تۆڵە لە عەرەبی سوننە بکاتەوە، بەڵام ئێستا باردۆخەکە پێچەوانە بۆتەوە و عەرەبی سوننە دەیەوێت تۆڵەی خۆی لە عەرەبی شیعە بکاتەوە، بۆ ئەمەش لەم قۆناخەدا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە لە ژێر بانگێشەی گوتاری قەومی شۆڤینی عەرەبی دوو ئامانج لەیەك کاتدا بەدەست بهێنێت.

# دەسەڵاتی ناوەند



یەکەم / لیکترازاندنی ریزەکانی نێوماڵی عەرەبی شیعە و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی سوننە، بێگومان تارادەیەکی بەرچاو لەم ئامانجەیاندا سەرکەوتووبوون، توانیویانە لیستی هاوبەندی عێراق کە بەلیستی ئیئتلافی شیعە ناسراوە لەبەریەك هەڵبوەشێنێت، هێزی سەحوە دابمەزرێنێت، کەدەیەوێت لەم ڕێگەیەوە جارێکی دیکە نفوزی پاشماوەکانی رژێمی پێشوو لە ناو سوپای عێراقدا زیندوو بکاتەوە، تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماری عێراق وسەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراق بە جۆرێك دەیەوێت کارتی سەحوە بەکاربهێنێت کە سەر لەبەر هاوکێشەی سیاسیی عێراق بگۆرێت و حاڵی حازر هێندە بە لەخۆبایبوونەوە ئاماژە بەوە دەکات کە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا بە تەواوەتی گۆرانکاری بەسەر توخمە سەرەکیەکانی هاوکێشەی سیاسی عێراقدا دێت ولەسەر مەسەلەی تێکەڵاوکردنی هێزەکانی سەحوەش لەگەڵ هێزەکانی سوپا و ئاسایشی عێراق زۆر بەراشکاوی دژایەتی ئەو بۆچونەی حکومەتی عێراق دەکات کە پێی باشە بەشێکی ئەو هێزە تێکەڵاو بکرێت و بەشێکی دیکەی تێکەڵاوی دامەزراوە مەدەنییەکانی دیکەی حکومەتی عێراق بکرێن، هاشمی سەبارەت بەم پێشنیارەی حکومەتی عێراق دەڵێت : چۆن دەبێت ئەندامێکی سەحوە کە تادوێنێ شەری ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەی کردبێت ئەمرۆ تێکەڵاوی دامەزراوەیەکی مەدەنی بکرێت و بکرێت بە کەناس و شەقامەکانی پێ پاکبکرێتەوە.

بێگومان ئەم قسەیە هەروا لە خۆراو بێ بنەما هاشمی بە ئاشکرا ئاماژەی پێناکات، بە ڵکو ئەمە خۆسازدانە بۆ هەنگاوی گەورەتر کە هەموو ئەوانەی وەك هاشمی سەیری دەسەڵاتی سیاسی دەکەن وپەنای بۆدەبەن و هەوڵدەدەن هێزێکی سەربازیان لەپشت بێت بۆ ئەوەی هەرکاتێك ویستیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان پەنای بۆ بەرن .

دووەم / لێکترازاندنی هاوپەیمانی نێوان کورد وشیعە یان بە شێوەیەکی دیکە تێکدانی هاوپەیمانی چوار قۆڵی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی دەعوا و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا، بێگومان باشترین دەرگاش بۆچوونە ژوورەوە بۆ ناو ئەم هاوپەیمانییە ورووژاندنی مەسەلە هەستیارەکانی کوردە لەگەڵ هەموو حکومەتەکانی عێراقدا کە ئەویش بەشێوەیەکی گشتی تەواوی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و مەسەلەی کەرکوکە بەتایبەتی، لەمەشدا ناکرێت نکۆڵی لەو راستیە بکەین کە ئەم ئاراستەیە توانی لە رۆژی ٢٢ی تەموزی رابردوو سەرکەوتنی بەرچاو لەم بوارەدا بەدەست بهێنێت و توانی درز و کەلێن بخاتە نێو ئەو هاوپەیمانییە چوار قۆلیە و بەشێکی باشی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵاو حزبی دەعوا و بەدەر بە گوتارە عەرەبیە شۆڤێنییەکە چەواشە بکات .

بۆ ئێستای عێراق زۆر گرنگە هەردوو لایەنی کورد و شیعە لەم مەترسیە ئاگاداربن و بەتایبەتیش چوار لایەنەکەی نێو هاوپەیمانییە چوارقۆڵیەکە، هەربۆیە سەرکردایەتی کورد هەموو هەوڵی خۆی بەو ئاراستەیە خستۆتە گەڕ کە کێشەکە بگێرێتەوە بۆ سەر مێزی دیالۆگ وچارەسەری ئاشتیانەو و تەوافقی نیشتمانی نێوان هەر چوار لایەنەکە، بۆ ئەمەش نەك هەر لە گەڵ پارتە سیاسیە هاوپەیمانەکانی کە ئەنجوومەنی باڵا و حزبی دەعوان، بەڵکو هەوڵیداوە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەش لەم مەسەلە هەستیارە ئاگادار بکاتەوە کەلانی کەم بریار بدرێت کێشەکان بە دیالۆگ و ڕێککەوتن چارەسەربکرێن ومەترسی پێکدادان و رووبوروبونەوە دووربخرێتەوە کە هەموو دەسکەوتەکانی عێراق لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوو لە دەست دەدات .زەمینە خۆش دەکات بۆ گێرانەوەی دیکتاتۆری لەعێراقدا.

٣. لە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکاندا بە ڕێگە چارەی ئاشتی و دیالۆگی سەردەمیانە، توخمێکی زۆرگرنگ هەیە کە نابێت لایەنەکانی ناو پرۆسەکە فەرامۆشی بکەن، ئەویش ئارام گرتن و پەلەنەکردنە لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، بەداخەوە مێژووی دبلۆماتیەتی عەرەبی عێراق بەتایبەتی و دەوڵەتانی عەرەبی بەگشتی لەم رووەوە لاوازەو نەیتوانیوەسوود لە سەبر و ئارام گرتن لە پرۆسەی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وەربگرن، باشترین نموونە کێشەی فەلەستینە، لە کێشەی فەلەستیندا هەتا دبلۆماتیەتی عەرەبی نەکسەی ١٩٦٧ی بەسەر نەهات و بەشێکی دیکەی خاکی دەوڵەتانی عەرەبی وەك جۆلان لە سوریا و سینا لە میسر لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیر نەکرا و ریزی دەوڵەتانی عەرەبی لەبەر یەکهەڵنەوەشا، نەیانتوانی سەبر بگرن و هەوڵبدەن بە هێمنانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشە هەستیارە بکەن، ئەم مێژووە پێمان دەڵێت دبلۆماتیەتی عەرەبی لەوە لاوازترە کە بتوانیت بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکات، هەربۆیەکاتێك لەگەڵ ئەو کەلتورە رووبەروودەبینەوە، ئەگەر لایەنی بەرامبەر زۆر وریانەبێت، ئەوا دەکەوێتە شەرێکەوە کە بەرامبەر هەرگیز بەو ئاراستەیە خۆی بۆ ئامادەنەکردووە، بێگومان لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە

●●●

**گوتاری سیاسی هەرێم لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتووە و هەوڵدەدات بە هێمنی و بەزمانی دیالۆگ و ڕێککەوتنی سیاسیی ئەم کێشەیە تاوتو بکرێت**

●●●

●●●

**دبلۆماتیەتی عەرەبی لەوە لاوازترە کە بتوانیت بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکات، هەربۆیەکاتێک لەگەڵ ئەو کەلتورە رووبەروودەبینەوە، ئەگەر لایەنی بەرامبەر زۆر وریانەبێت، ئەوا دەکەوێتە شەرێکەوە کە بەرامبەر هەرگیز بەو ئاراستەیە خۆی بۆ ئامادەنەکردووە**

●●●

بکەین کە هەرگیز کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی ١٩٨٠ خۆی بۆ شەڕێکی بەرفراوانی ٨ ساڵە ئامادەنەکردبوو، تاکە هۆکاریش کە ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی تەنیا ساڵێك بوو، سوپای ئێران لەناو خۆیدا تێکچووبوو، دەزگای سادات کە گەورەترین دەزگای جاسوسی و هەواڵگری سەردەمی شا بوو لەبەر یەك هەڵوەشابوو بوونی نەمابوو، بەڵام سەدام حوسێن ئەم حاڵەتەی قۆستەوە و ویستی لە ماوەیەکی کورتدا مەرجەکانی خۆی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بچەسپێنێت، هەروەك چۆن ئێستاش بە هەمان ئەقلیەتی پێشوو بەسوود وەرگرتن لە کێشەی نێوان ئەمریکاو ئێران لەیەلان سوننەی عێراقەوە هەمان هەرەشە لە ئێران دەکرێتەوە. لە داگیرکردنی کوەیتیشدا مەسەلەکە بەهەمان شێوەبوو، هەرگیز دەوڵەتی کوەیت بیری لەوە نەکردبۆوە کە عێراق هەڵەکوتێتە سەری و داگیری دەکات،بەڵام ئەم نەریتەی دیپلۆماتیەتی عەرەبی کە دەیانەوێت بەزەبری هێز بەرامبەر ناچار بکەن مل بۆ داخوازییەکانیان بدات، بێجگە لەو ئامانجە کورتبینییەی دەستنیشانی دەکەن حساب بۆ هیچ شتێکی دیکە ناکەن، هەربۆیە کاتێك سەیری پیلانەکەی ٢٢ی تەموزیش دەکەین دەبینین ئەوەی کورد حسابی بۆ نەکردبوو ئەم خاڵانە بوو:

أ- کورد بەو جۆرە سەیری هاوکێشەی دەکرد کە هەرگیز بابەتێکی لەو جۆرەی کە پارێزگای کەرکوك لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق جیابکاتەوە سەرناگرێت، بۆیە بەوە پشت ئەستور بوو کە ژیانی سیاسیی تازەی عێراق ڕێگە بەو جۆرە پیلانانە نادات .

ب- کورد لەو بروایەدانەبوو کە پاشماوەی کۆنە بەعسیەکان وشۆڤێنییە عەرەبیەکان بەو ئاستە بتوانن نەخشەی هاوپەیمانی سیاسیی لە عێراقدا بگۆڕن، هەربۆیە ئەو هەوڵانەی بەو ئاراستەیە دەدران وەك پرۆسەیەکی پەرلەمانی سەیری دەکرد و بەشتێکی ئاسایی وەریگرتبوو، هەربۆیە کاتێك لەناو پەرلەماندا ئەم پرسە ڕووبەڕوی کورد کرایەوە، هاوپەیمانی کوردستان بەو پەری پشت ئەستوری بە هاوپەیمانییەکانییەوە ئەم مەسەلەی بەشێوەیەکی دیموکراتیانە وەرگرت و بەوە ڕازی بوو پێشنیاری دەنگدانی نهێنی و ئاشکرا بخرێتە بەردەمی پەرلەمانتارانی عێراق، بەڵام کاتێك پیلانەکە سەری گرت ساڵح موتڵەگ زۆر ڕاشکاوانە گوتی ئەمە دەنگدانە بەبەعس و یەکەم ڕۆژە پەرلەمانی عێراق بریارێکی دروست دەردەکات . بێگومان لەم بریارەی پەرلەمانی عێراقییشدا وەك بریارەکەی سەدام حوسێن بۆ داگیرکردنی کوەیت، حساب بۆ ئەوە نەکراوە ئاکامی ئەم بریارە چۆن دەشکێتەوەو عێراق بەرەو چ ئاراستەیەك دەبات، بەڵکو ئەوەی لەبەرچاو گیراوە سەرکەوتنی هێرشەکە بووە، هەربۆیە دەبێت زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە بکرێت، هەروەك چۆن ئەمیری کوەیت مامەڵەی لەگەڵ بریاری داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدام حوسێنەوە کرد و دەرسێکی پێدا کە تائێستا هیچ سەرکردەیەکی جیهان ئەو دەرسەی پێنەدراوە .

ڕاستە کوەیت دەوڵەت بوو، ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، هەموو جیهان لەسەر ئەم مەسەلەیە بەدەنگ هات و هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی کە زیاتر لە ٣٠ دەوڵەتی لە خۆی گرتبوو سەدام حوسێنی لە کوەیت پاشەکشە پێکرد و جیاوازی لەگەڵ بریارەکەی ٢٢ی تەموزی پەرلەمانی عێراق هەیە، بەڵام بەدیوێکی دیکەدا و لەچەند ڕوویەکی دیکەوە جۆرێك لە هاوشێوەیی لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پاشماوەی سەدام حوسێن و بیری شۆڤێنزمی عەرەبی دەیانەوێت وڵاتێك داگیر بکەنەوە کە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی ئازادی کردووە، ئێستاش پاراستنی ئەم ئازادکردنە بەشی گەورەی لەسەر شانی هاوپەیمانانە، ئامانجی هاوپەیمانانیش لەو خاڵەدا لەگەڵ عیراقیەکاندا یەکدەگرێتەوە کە هەوڵ بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی دەدەن و ڕێگە نادەن دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە .

بۆیە زۆر گرنگە ئێستا ئەو بەرەی عێراق کە هەوڵ بۆ بونیادنەوەی عێراق دەدات بە ئاراستەیەکی ڕاست، لە هەوڵەکانی بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم پیلانەو ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت بەسەبر بێت و ئارامی هەبێت لەسەر وتوێژەکان بۆ ئەوەی وەك هەنگاوی یەکەم ڕیزەکانی بەرەی دیموکراتی و فیداری ڕێکبخاتەوەو ئەو درز و کەلێنانە پربکەنەوە کە پیلانەکەی ٢٢ی تەموز دروستی کردووە، بیگومان یەکخستەوەی ڕیزەکانی ئەو بەرەیە کە تێکرای پێکهاتەکانی عێراق بە کورد وشیعە و بەشێکی عەرەبی سوننەو پێکهاتەکانی دیکەی وەك تورکمان و ئاشوریش لە خۆی دەگرێت، ئێستا بە قۆناخێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕێت و پێویستی بە جۆرێك لەکەشی ئارام و سەقامگیر هەیە، هەتا ئەوانەشی بەو گوتارە شۆڤێنیانە تێکەوتوون و لە خشتە براون بێنە هۆشی خۆیان و لەمەترسی ئەو پیلانە گەورەیە تێبگەن،ئەم حاڵەتەش وەك دەسپێکی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا ئەرکی هاوپەیمانی کوردستان وسەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەو ئاستە قورس دەکات، کە لایەنەکان لەسەر سەبر و ئارامگرتن ڕابهێنێت و هەوڵبدات هەموو لایەك لەمەترسی ئەو پیلانە ئاگادار بکاتەوە، بەوەی ئەگەر ئەم پیلانە سەربگرێت تەنیا کورد زەرەر ناکات بەڵکو سەرلەنوێ مێژووی خوێناوی عێراق دووبارەدەبێتەوە.

## لەم قۆناخەدا دەبێت حکومەتی عێراق باردۆخەکە هیوربکاتەوە نەک بەرەی دیکە بکاتەوە

بەداخەوە لەم باردۆخەدا لەبری ئەوەی گوێبیستی ئەوە بین کە حکومەتی عێراق هەوڵ بەو ئاراستەیە دەدات کە باردۆخەکە هێوربکاتەوە و کەشوهەوایەکی وا برەخسێنێت کە هەموو لایەنەکان لە چوارچێوەی تەوافقی نیشمانی و هەماهەنگی وپێکەوە کارکردن بگەنە بەرنامەیەکی هاوبەش کە هەموو لایەك پێی ڕازی بن، کەچی دەبینین، دوای دروستبوونی هەر ئالۆزیەك ئاراستەی حکومەتی عێراق بەو جۆرەیە کێشە و ئاڵۆزی دیکە دروست بکات هەربۆنموونە:

١. دوای ئەوەی پیلانەکەی ٢٢ی تەموز لە پەرلەمان ڕوویدا و لەیەلان سەرکۆمارو جێگرەکەیەوە ڤیتۆ کرا و گەڕێندرایەوە بۆ پەرلەمان، دەبوو هەموو هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بەو ئاراستەیە چربکرانەیەوە، کە ئەو کێشەیە بەشێوەیەك چارەسەربکرێت. سەرلەنوێ پێکەوەگونجان و پێکەوە ژیانی برایانە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا دروست بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لەبری ئەوەی وەك هەنگاوی یەکەم بریار لەسەر سەرفکردنی بودجەی ماددەی ١٤٠ بدات و سوربونی حکومەتی عێراق لەسەر جێبەجێکردنی دەستور دووپات بکاتەوە، هەستا بە دروستکردنی کێشەیەکی دیکە کە پێویست نەبوو لەو ماوە هەستیارەدا دروست بکرێت ئەویش مەسەلەی کشانەوەی هێزی پێشمەرگەبوو لە قەرەتەپە و جەلەولا.

ئێستاش پاراستنی ئەم ئازادکردنە بەشی گەورەی لەسەر شانی هاوپەیمانانە

دوای ئەوەی کێشەی خانەقین بەشێوەیەک لە شێوەکان هێورکرایەوە، دەبوو حکومەتی عێراق ڕێگە بە لێدوانی ئیستفزازیانە نەدات

٢. پاش ئەوەی ســەرکردایەتی سیاســی هەرێمی کوردســتان بە گیانێکی نیشتمانیانە ئەو کێشەی چارەسەرکرد، نەدەبوو حکومەتی عێراق کێشەی خانەقین دروست بکات و خانەقین بخاتە ناو پرۆسەی (البشــائر الخیر)ەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ماوەی ٥ساڵە خانەقین ئارامە و ســەقامگیرە و تیرۆریســتی تیا نییە و لە بنەڕەتیشــدا پرۆســەکە بۆ ڕاوەدوونانی تیرۆریســتان بووە نــەك ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە.

٣. دوای ئەوەی کێشەی خانەقین بەشێوەیەك لە شێوەکان هێورکرایەوە، دەبوو حکومەتی عێراق ڕێگە بە لێدوانی ئیســتفزازیانە نەدات کە هەســتی کوردی پێ بریندار بێت وبێمتمانەیی شــەقامی کوردی بەرامبەر حکومەتی عێراقیی لێبکەوێتەوە .

ئــەم هەنگاوانەی حکومەتی عێراق لــەم ماوەیەدا هەڵیگرتن نەك هەر خزمەتی بە چارەســەرکردنی کێشەکان نەکرد بەڵکو کێشەکانی ئاڵۆزتر کرد، هەربۆیە ئەگەر حکومەتی عێراق پێی وابێت بە باداني بازووی کورد لە پرۆسیاسیەکەدا پێگەی لە عێراقدا مکوم تردەبێت، ئەوا دەبێت ئاگاداری ئەو راســتیەش بێــت، بەبێ کورد کۆمەڵێك مەترســی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەوانەیە هەرەباشــەکەیان هەرەشەی کودەتای سەربازی بێت .

## هەڵوێستی ئەمریکا لەم کێشەیە وەک پێویست نەبوو

ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بیەوێت یان نەیەوێت هەتائێستاش بەپێــی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاســایش کــە ئەمریکای وەك داگیرکار لە عێراقدا لە قەڵەم داوە، پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری عێراقییش وەك ویلایەتێکی ئەمریکی خستۆتە ئەستۆی حکومەتی ئەمریکاوە، هەربۆیە هەر ئاژاوەو ناسەقامگیرییەك لە هەرشوێنێکی عێراق ڕوبدات بەرپرسیایەتی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی ئەمریکا و دەبێت ئەمریکا بەرپرسیاریەتەکەشی هەڵبگرێت .

ئەم واقیعە بەســەر ئەمریکادا فەرزی دەکات کە ڕێگەنەدرێت هیچ لایەك هەرەشە لەوی دیکە بکات، یان هێزی سەربازی بەکاربهێنێت، بەداخەوە ئەوەی لە خانەقین ڕوویدا لەسەر لێواری پێکدادان گەڕایەوە و بەرپرســانی عێراقیی لە میانەی لێدوانەکانیاندا هەرەشەی زۆر لەوە زیاتریان دەکرد .

ڕاستە ئەمریکا بۆ ڕێگە گرتن لە ڕووبەڕووبوونەوە چەند پێشنیارێکی خستۆتە ڕوو کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا بۆ هێزی سەربازی نەبرێت، بەڵام ئەم پێشنیارە بەو ئاستە کاریگەر نابێت، ئەگەر ئەمریکا لە ڕێکخســتنەوەی پێکهاتەکان و سەرکەوتنی پرۆسە سیاسیەکەدا وەك پێویســت بوونی نەبێت و ڕۆڵی حەکەمێك لە نێو پێکهاتەکاندا نەگێڕێت، دەبێت ئەمریکا سیاســەتێکی یەکسان پیادەبکات و نابێت بەوە پاکانە بۆ هەڵوێســتی خۆی بکات کە ئەوە کێشەی ناوخۆی عێراقییەکانەو دەبێت خۆیان لە ناو خۆیاندا لەســەری ڕێکبکەون .. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کەپێشتر ئەمریکا بەرامبەر زۆر مەسەلەی دیکــە کە کورد بەتەنیا خۆی دەیتوانی حەســمی بکات، ئەمریکا هاتۆتە ناوە و هەوڵیداوە گوشــار لەسەر سەرکردایەتی کورد دروست بکات، بەڵام ئێســتا کە مەســەلەکە لەبەرژەوەندنــی کورد نییە و خەریکە بەرێگەی پیلانێك کە چەندین دۆســێی دەرەکیش لە ناویدا گەمە دەکات، دیانەوێت دەسکەوتەکانی کورد لە دەست بدرێت، بەوە هەڵوێســتی خۆی پیشاندەدات کە ئەوە پەیوەندی بەووەوە نییە و ئەو تەنیا پشتی ئەو لایەنە دەگرێت کە لەسەر هەقە، بەبێ ئەوەی چاو چێوەی ئەو هەقە دیاری بکات، هەربۆیە کورد لەم قۆناخەدا مافی خۆیەتی ڕاشــکاوانە ئەمریکا لەو ڕاستیە ئاگادار بکاتەوە کە ئەمە سیاسەتێکە بە دوو پێوانە مامەڵەی لەگەڵ کورد پێدەکات و کاتێك لەبەرژەوەندی کورد بوو گوشار دەخاتە سەر سەرکردایەتی کوردستان و کاتێکیــش لەبەرژەوەندی کورد نەبوو لێی بێدەنگ دەبێت، هەموو لــە یادمانە پێش ٢٠٠٧/١٢/٣١ و لەســەر و بەنــدی تەواوبوونی ماوەی ماددەی ١٤٠ چۆن گوشار دەخرایە سەر سەرکردایەتی کورد بۆ ئەوەی بــە درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ماددەکە ڕازی بێت و هەمووشــمان بینمان چۆن کۆندالیزا ڕایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گەیشــتە کەرکــوك و لەگەڵ ئەنجوومەنــی پارێزگای کەرکــوك کۆبۆوە، ئەمە لــە کاتێکدا ئەگەر فشــاری ئەمریکا نەبوایە کورد دەیتوانی بڕیار لەســەر چارەنووســی کەرکوك بدات، هەربۆیە زۆر گرنگە ئەمریکا لەم قۆناخەدا چاوێك بە ستراتیژیەتی (Surge) بخشــێنێتەوەو هێندەی بایەخ بەبەهێزکردنی ســوپای عێراق دەدات، بایەخ بەسەرخســتنی پرۆسەسیاسیەکەش بدات، ئەو ســەرکەوتنە وەهمیەشی بە ناوی ســەرکەوتنی زیادکرنی هێزەکان، یان سەرکەوتنی ستراتیژیەتی (Surge) لەرای گشتی ئەمریکا بانگێشــەی بۆ دەکات لەگەڵ هەرەســهێنانی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بوونی نامێنێت، هەروەك چۆن خەریکە دیاردەی توندوتیژی و کردەوە تیرۆریستیەکان سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە.

## گەڕانەوە بۆ یاسای ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵبژاردنی پارێزگاکان

وا چــاوەڕوان دەکــرا دوای کۆتایی هاتنی پشــووی پەرلەمان و دەســپێکی خولی تازە، دەروازەیەك بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکرێتەوە، بەڵام هەر لەگەڵ یەکەم دانیشــتنی ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/١٠ هەســت بەوەکــرا کە هیچ بەرەو پێشــەوە چونێك لە ئارادانییە و کوتلەی ٢٢ی تەموز سورن لەسەر ئەوەی کە باردۆخی پارێــزگای کەرکوك دەبێت جیاوازبێت لەگەڵ پارێزگاکانــی دیکەی عێراق، هەربۆیە لیژنەیەك بەســەرۆکایەتی ســەرۆکی پەرلەمان و بەبەشــداری نوێنەرانی نەتەوە جیاوازەکانی کەرکوك پێکهێنراوە بۆ ئەوەی لەسەر چارەسەرێکی گونجا و بگەنە تەوافقێکی نیشتمانی و نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەرێگەی بەرێز دی میستۆراوە دوو بەرنامەی ئامادەکردووە لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانی کوردســتان بە هەردوو بەرنامەکە ڕازییە بــەڵام لایەنی عەرەبی و تورکمانی هەردوو بەرنامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەتدەکەنەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئیســتحقاقی هەڵبژاردن لە کەرکوکدا لەبەرچاو نەگیرێت، ئەم کەشــوهەوایەی ئێستا وتوێژی کەرکوکی تیا بەرێوەدەچێت کەشوهەوایەك نییە کە تیایدا لایەنەکان لەیەکتری نزیك بکاتــەوە، هەربۆیە مەزنــدەکان بەو ئاراســتەیەن کەنەگەنە تەوافقێکی نیشــتمانی، بۆیە باس لەوە دەکرێت هەر لەبنەڕەتەوە واز لە یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان بهێنرێت و بگەڕێنەوە بۆ یاســای ســاڵی ٢٠٠٥ تایبەت بە هەڵبژاردنــی پارێزگاکان، بێگومان بۆ ئەم پێشــنیارەش کورد هیچ کێشــەیەکی نابێت و پێی ڕازییە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا لایەنی عەرەبی و بەرەی تورکمانی ڕازی دەبن و ئەم کێشــەیە کۆتایی پێدێــت ؟ یان جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە چوارگۆشــەی یەکەم و سەرلەنوێ وتوێژەکان درێژیان پێدەدرێــت ؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرســیارە ئاکامی وتوێژەکانی کەرکوك ساخیدەکاتەوە .

**حکومەتی عێراق دەبێت ئاگاداری ئەو ڕاستیەش بێت، بەبێ کورد کۆمەڵێک مەترسی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەوانەیە هەرەباشەکەیان هەرەشەی کودەتای سەربازی بێت**

**ئەگەر فشاری ئەمریکا نەبوایە کورد دەیتوانی بڕیار لەسەر چارەنووسی کەرکوک بدات**

**پرۆفیسۆر جەی مۆرگان پارکەر، ئوستادی بەشی حکومڕانییە لە زانکۆی جۆرج تاون یەکێکە لەو پسپۆڕە دیارەکانی دۆسێی عێراق و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و لە لیژنە هاوبەشەکی بیکەر – هاملتۆنیشدا یەکێك بووە لەو پسپۆڕانە بۆ دارشتنی راپۆرتەکە پەنای بۆ براوە وەك شارەزایەك بەشداری لە دارشتنی ئەو راپۆرتەدا کردووە.**

**پرۆفیسۆر پارکەر بێجگە لە کاری نووسین بۆ رۆژنامەکانی ئەمەیکا وەك رۆژنامەنووسیش کاری لەگەڵ ئەم کەناڵانە کردووە: (VOA،NPR، FOX RADIO NEWS، CSNBC) راپۆرتەکانیشی تایبەتن بە شەڕەکانی ئەمەریکا و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە جیهاندا سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و مەترسی سەرهەڵدانەوەی دەسەڵاتی سەربازی لە عێراقدا پرۆفیسۆر پارکەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**



جەی ئێم پارکەر
ئەندامی شارەزا لە گرووپی دیراساتی
عێراق بۆ گوڵان:

# عێراق ئەزموونێکی خراپی لەگەڵ دەسەڵاتی سەربازی هەیە هەر ئەمەش بووە هۆکاری داڕووخانی دەوڵەت و تێکدانی بارودۆخی ئابووری

●●●
**پێم وایە هەڵوێست و تێڕوانینی هەردوو پاڵێوراوی دیموکرات و کۆمارییەکان ئەوەیە عێراق سوپایەکی بەهێزی هەبێت، بەڵام نەک ئەوەندە بەهێز کە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە و هێزە ناوخۆییەکانی وڵاتەکە سەرکوت بکات**
●●●

**یەکێک لەو وانانەی دەبێت لە ئەزموونی موشەڕەفەوە فێری بین ئەوەیە هیچ بەرپرسێکی مەدەنی ئەوەندە بەهێز نابێت**

**بێتە پێشەوە و هەوڵ بدات جێی بگرێتەوە**

*** لە ماوەی نیو سەدەی رابردوودا تاوەکو رووخانی سەددام حوسێن، کولتووری حکومڕانی لە عێراقدا بریتی بوو لە کولتووری کودەتای سەربازی و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات لە رێی بەکارهێنانی هێزەوە، ئایا تا چەند ئەم کولتوورە کاریگەری خراپی لەسەر عێراق جێهێشتووە؟**

- من لە نیگەرانی ئێوە تێدەگەم، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە خەڵکی لە دوای پشێوی و گۆڕانکاری لە حکومەتەکاندا خوازیاری پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز دەبن، کە رەنگە ئەو حکومەتە بەهێزەش سەربکێشێت بۆ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك من پێم وانیە ئەمە حاڵەتەکە بێت لە عێراقدا. سەرەتا سوپا دەتوانێت رۆڵی جیاواز لە وڵاتگەلێکی جیاوازدا ببینێت، ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەوەی تا چ رادەیەك لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی بەرپرسە مەدەنیەکاندان. بوونی سوپایەك لە عێراقدا کە بتوانێت بەرگری لە تێکڕای پێکهاتەکانی وڵاتەکە بکات شتێکی پێویستە، هەروەها دەبێت دەسەڵاتی هێزی پۆلیسیش زیاد بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەرکە ئەمنییەکان نەخرێتە ئەستۆی سوپا، من پێم وایە ئەگەر عێراقییەکان بگەنە

ڕێککەوتن و کۆدەنگیەك لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، نەك لایەنێك هەوڵ بدات بە تەنها کۆنترۆڵی دەسەڵات بکات، ئەوا دەتوانین ئەوە بەدی بکەین سوپای وڵاتەکە دڵسۆز دەبێت بۆ نەتەوەی عێراق و بەرگری لێدەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەزمونگەلێکی خراپ هەیە لە رابردوودا و پەیوەستن بە دەسەڵاتی سەربازییەوە، کە نەك هەر بوونەتە هۆی لە ناوبردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو بوونەتە هۆی داڕوخانی دەوڵەت و تێکدانی بارودۆخی ئابووریش، ئەوا هەمیش نیگەرانی هەیە لە دەرئەنجامە خراپەکانی روودانی کودەتای سەربازی. یەکێك لەو دەرسانەی دەکرێت لە ئەزموونی پەروێز موشەڕەفەوە فێری بین، ئەوەیە کاتێك سەرکردەیەکی سەربازی دەسەڵات دەگرێتەدەست، نەك تەنها دەوڵەتەکە دووچاری گرفت دەبێت، بەڵکو هیچ بەرپرسێکی مەدەنیش ئەوەندە بەهێز نابێت کە بێتە پێشەوە و هەوڵ بدات جێی بگرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە نەتەوەیەکی وەك یابان بەدی دەکەین کە لە ساڵەکانی بیست و سیەکانی سەدەی رابردودا دەسەڵاتێکی سەربازی بەهێز حکومڕانی ئەو وڵاتەی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەوە ئاشکرایە کە سوپا و هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە لە ژێر دەسەڵاتی بەرپرسە مەدەنییەکاندان. لەبەر ئەوە دەبێت بە بەردەوامی عێراقییەکان ئەوە لەبەرچاو بگرن کە بوونی سوپایەکی بەهێزی نەتەوەیی پێوستە، بە تایبەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان و پاراستنی ئاسایشی دەرەکی وڵاتەکە، بەڵام نابێت لە هاوکێشەکانی سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکە تێوەبگلێت و دەستێوەردان بکات. هەرچەندە ئەوەش پەیوەستە بە گۆڕینی تێڕوانین و کولتوورەوە و ڕەنگە کاتێکی دورودرێژ بخایەنێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاریان بەسەردا بێت.

## بەرپرسە عێراقییەکان هەست بە مەترسی پێدانی دەسەڵاتێکی زۆر بە سوپا و هێزە چەکدارەکان دەکەن

*** لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق سەرقاڵی پرۆسەی بنیاتنانەوە و پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان بوون بە پشت بەستن بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام نەك هەر ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو ئێستا باس لە گەڕانەوەی ڕۆژگاری کودەتای سەربازی دەکرێت، ئایا لە حاڵەتی روودانی کودەتای سەربازیدا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- مەرج نییە دەرئەنجامە حەتمیەکە بریتی بێت لە روودانی کودەتای سەربازی تەنها لەبەر ئەوەی بەرپرسێکی عێراقی لێدوانێکی لەو چەشنەی داوە، ڕەنگە ئەوە ئاماژەیەکی ئیجابی بێت و نیشانەی ئەوەبێت بەرپرسە عێراقیەکان درك بە مەترسی پێدانی دەسەڵاتێکی زۆر دەکەن بە سوپا و هێزە چەکدارەکان. من پێم وایە هەڵوێست و تێڕوانینی هەردوو پاڵێوراوی دیموکرات و کۆمارییەکان ئەوەیە عێراق سوپایەکی بەهێزی هەبێت، بەڵام نەك ئەوەندە بەهێز کە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە و هێزە ناوخۆییەکانی وڵاتەکە سەرکوت بکات، بەڵکو ئامانجی ئەوان لە بوونی سوپایەکی عێراقی بەهێزدایە ئەوەیە بتوانێت بارودۆخی ئەمنی بپارێزێت بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بتوانن عێراق جێبهێڵن، هەروەها دەبێت ئەو سوپایە لە ژێر دەسەڵاتی بەرپرسە مەدەنیەکاندا بێت. ئەگەرنا بەدیلەکە ئەوەیە هێزە دەرەکیەکان بۆ هەمیشە لە عێراقدا بمێننەوە، کە ئەمەش لە لایەن خەڵکی عێراقەوە قبوڵ ناکرێت و پێچەوانەوەی سەروەری ئەو وڵاتەیە.

## سەددام حوسێن هەوڵی چاندنی ناکۆکی دەدا لە نێوان گەلانی عێراقدا بۆ ئەوەی هەوڵەکانیان بۆ دژایەتی ئەو چڕ نەکەنەوە

*** زۆرێك لە چاودێران لەو باوەڕەدان بێ بوونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ناتوانرێت یەکێتی عێراق بپارێزرێت، لەبەر ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق ناتوانن بگەنە ڕێککەوتن و جۆرێك لە سازش لەگەڵ یەکتردا، لە هەمان کاتدا ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا پاراستنی یەکێتی عێراقە، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پشتگیری لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دەکات لە عێراقدا؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك، مەسەلەی یەکگرتووی عیراق مەسەلەیەکی هەستیارە، ئەگەر تەنها دەوڵەتێك لە سەختی و مەترسی ئەم مەسەلەیە تێبگات ئەوا ئەمەریکایە، لەبەر ئەوەی لە دە ساڵی یەکەمی خەباتی ئێمەدا بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆی، جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە نێوان لایەنەکاندا، جیاوازی کەلتوری و ئابووری و مەسەلەی هێشتنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی کە نەتوانرا چارەسەر بکرێت و دواتر سەری کێشا بۆ شەڕی ناوخۆی. بەڵام دواتر بە درێژایی مێژوو و هاوسەنگییە ئیتنی و ئایینەکان لە ئەمەریکادا گۆڕانیان بەسەرداهات، مەبەستەکەی من ئەوەیە بڵێم دیموکراسی پێویستی بە خەباتی سیاسی بەردەوام و بە گفتوگۆی سیاسی بەردەوام هەیە، ئەگەر لە بری خەباتی سەختی چەسپاندنی دیموکراسی پەنا ببەینە بەر جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، ڕەنگە لە مەودای نزیکدا سەقامگیرییەك لە بارودۆخەکەدا بێتەدی، بەڵام لە مەودای دووردا هێنانەدی سەقامگیری و ئامانجەکانی دیکەش لە دەست دەدەیت. سەددام حوسێن هەوڵی چاندنی ناکۆکی دەدا لە نێوان گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا، بۆ ئەوەی بە شەڕی یەکترەوە سەرقاڵ بن و هەوڵەکانیان بۆ دژایەتی ئەو چڕ نەکەنەوە، بەڵام ئێستا دەرفەتێکی مێژوی ڕەخساوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو حاڵەتە، هەرچەندە ئەمەش ئەرکێکی سەخت و ئاڵۆزە.

**یەکێک لەو دەرسانەی دەکرێت لە ئەزموونی پەروێز موشەڕەفەوە فێری بین، ئەوەیە کاتێک سەرکردەیەکی سەربازی دەسەڵات دەگرێتەدەست، نەک تەنها دەوڵەتەکە دووچاری گرفت دەبێت، بەڵکو هیچ بەرپرسێکی مەدەنیش ئەوەندە بەهێز نابێت کە بێتە پێشەوە و هەوڵ بدات جێی بگرێتەوە**

**ولیام تۆمپسۆن**
**ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئیندیانا بۆ گوڵان:**



# پێشبینی ئەوە ناکەم عێراق لە ئاییندەدا وەک دەوڵەتێکی یەکگرتووو بمێنێتەوە

**پرۆفیسۆر ولیام ئار تۆمپسۆن، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئیندیانا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر شەڕی تیرۆر و سیاسەتی جیهانی و پەنابردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەچارەی سەربازی و توندو تیژی. ولیام تۆمپسۆن، نووسەری کتێبی The Grievances of Military Coup-Makers. ئەمەش واتە تۆمپسۆن شارەزاو پسپۆرە لەسەر چۆنییەتی مەترسیەکانی کودەتای سەربازی و ئەو بارودۆخە خراپەشی لە ئاکامی کودەتای سەربازییەوە دەکەوێتەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و ئەگەر و مەترسیەکانی ئاینده پرۆفیسۆر تۆمپسۆن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**ئاکامی کودەتای سەربازی لەعێراقدا دروست بوونی شەری ناوخۆیە**

***عێراق ئەو وڵاتەیە کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ بە ڕێگەی کودەتای سەربازی دەسەڵات ئاڵوگۆر کراوە، ئایا وڵاتێك ئەمە کلتوورە سیاسیەکەی بێت، ئایا ئاییندەی چۆن دەبێت؟**

- زۆرێك لە وڵاتانەی لە کودەتای سەربازیەوە تێوەگلاون، دواتر بەردەوام نەبوونە لە سەر پشت بە بەستن بە کودەتای سەربازی، دەتوانرێت پەرە بە سیستمێکی حکومڕانی بدرێت کە دەزگای سەربازی نەبێتە ئامرازێکی سیاسی، بەڵام هێشتا روون نییە ئایا تا ئێستا ئەمە روویداوە لە عێراقدا یان نا.

پێموایە کێشەکان لە بەشە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا جیاواز بن، بۆ نموونە ڕەنگە کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی کەمتری ئەو کەسانە بێت کە لە پێگەی بڕیار و دەسەڵاتدان لە ناو دامەزراوەی سەربازی و سوپادا، بە بەراورد بە باشووری وڵاتەکە. هەروەها دەبێت حاڵەت و هەل و مەرجی هەر وڵاتێك بە جیا وەربگرین، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتدا ڕەنگە بە ئاسانی کودەتای سەربازی رووبدات، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا لە ژێر رۆشنایی ئەو راستیەی کە فەرماندە سەربازیەکانی عێراق ئەزموونێکی دووردرێژی پێکەوەکارکردنیان نییە لەگەڵ یەکدا و ڕەنگە متمانەیەکی پتەو نەبێت لە نێوانیاندا بۆ ئەوەی بتوانن وەك گروپێك پێکەوە کاربکەن، ئەوا لە حاڵەتی هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتای سەربازیدا ڕەنگە بارودۆخەکە سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی، لە بری پێکهێنانی رژێمێکی سەربازی لە دەرئەنجامی ئەو کودەتایەدا.

*** بارگرژیەك هەیە لە نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا، لە حاڵەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو لایەنەدا، ئایا چ ئاییندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

-من پێشبینی ئەوە ناکەم لە ئاییندەدا عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە، بەڵکو ئەگەری دابەشبوونی هەیە بۆ چەند بەشێك.

***پێت وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لەم دابەشبوونە بکات؟.**

ڕەنگە قبوڵی بکات، بەڵام ئەگەر خوازیاری ئەوە بێت ئەم دابەش بوونە روونەدات، ئەوا ڕەنگە پێویست بکات بۆ هەتا هەتایە لە عێراقدا بمێنێتەوە، ئەگەرچی من پێم وایە ڕەنگە ئەوەش رێ لەو دابەشبوونە نەگرێت.

***ئامانجی ئەمەریکا لە عێراقدا پێکهێنانی عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵی بوو، ئەگەر ئەم وڵاتە دابەش بێت، بۆ نموونە بۆ سێ دەوڵەت، ئایا ئەمە بە مانای شکستهێنانی سیاسەتی ئەمەریکا نایەت؟**

-بەڵێ، هەروەها ئەمەریکا شکست دەهێنێت لە تەواوکردنی ئەرکەکەیدا.

***بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقە، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پشتگیری لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دەکات لە عێراقدا؟**

- بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکە من پێشبینی پێکهاتنی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز ناکەم، یاخود پێشبینی سەرهەڵدانی حکومەتێکی سەربازی بەهێزیش ناکەم، لە هەندێ وڵاتدا دامەزراوەی سەربازی بە ئاسانی ناتوانێت جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست، هیندستان یەکێکە لەو وڵاتانە، هۆکارگەلێکی زۆر هەن بۆ زەحمەتی روودانی کودەتای سەربازی لە هەل و مەرجێکی دیاری کراودا، بەڵام پێبشبینی دەکەم لە باشترین حاڵەتدا دامەزراوەی سەربازی لە تەنها بەشێکی وڵاتەکەدا باڵادەست بێت، ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە حکومەتی مەرکەزی بەهێز لە دەسەڵاتدا دەبێت، هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەم ئەگەرە لە ئارادانییە.

*** بەڵام دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق لەگەڵ چەسپاندنی دیموکراسیدا نین لەم وڵاتەدا، بە پێچەوانەوە هەوڵی شکست پێهێنانی پرۆسەی سیاسی دەدەن لە عێراقدا، ئایا تا چەند ئەمەریکا خوازیاری سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراقە؟**

- سنوودارکردن و کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە عێراقدا پێویستی بە بوونێکی سەربازی چڕ و پڕ هەیە لەو وڵاتەدا، کە بە پێچەوانەوە حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەوڵی کەمکردنەوەی هێزە سەربازیەکانیدا لە عێراقدا، لەبەر ئەوە پێشبینی زیادبوونی ئەو دەستێوەردانانە دەکرێت لە داهاتوودا، نەك کەم بوونەوەیان.

***ئایا هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەمەریکا چ کاریگەریەکیان دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

-ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی چ لایەنێك سەرکەوتوو دەبێت لەو هەڵبژاردنانەدا، ئەگەر دەرئەنجامەکە لە بەرژەوەندی دیموکراتەکان بوو، ئەوا بە رەوتێکی خێراتر هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێننەوە، بەڵام ئەگەر کۆماریەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەوا بە رەوتێکی خاوتر پاشەکشە بەو هێزانە دەکەن.

***حاڵی حازر ئەمەریکا بە قۆناغی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا تێدەپەڕێت، هەندێ لایەن لە عێراقدا هەوڵی ئیستغلال کردنی سەرقاڵبوونی ئەمەریکا دەدەن بەو هەڵبژاردنانەوە، ئەگەر حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو لە عێراقدا روویدا، وەك کودەتای سەربازی، یاخود شەڕی ناوخۆی، ئایا ئەمەریکا دەتوانێت وەك پێویست کاردانەوەی هەبێت؟**

- ئەوە شتێکی ئاساییە کە هەوڵی ئیستغلالکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بدرێت، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم گۆڕانکاریی و روودانی حاڵەتەکانی هەڵکشان لە بارودۆخی عێراقدا رەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبێت لەسەر دەرئەنجامی ئەو هەڵبژارنانە، لەبەر ئەوەی کێشە ئابووریەکان زیاتر دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە دیاری دەکەن، نەك کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە.

من ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوزام، هەرچەندە من گەشبین نیم بە ئاییندەی عێراق.



دانیێل سەروەر سەرۆکی پرۆگرامی عێراق لە ئامۆژگای ئەمریکا بۆ ئاشتی بۆ گوڵان:

# دەبێت کوردستان و حکومەتی مەرکەزی عێراق خۆیان لە ناکۆکی لەگەڵ یەکتر لابدەن

**دانیێل سەروەر (Daniel P. Serwer)، کە سەرۆکی پرۆگرامەکانی پرۆگرامەکانی عێراقە لە ئامۆژگای ئەمریکا بۆ ئاشتی، جێگری سەرۆکی سەنتەری دیراسات بۆ پۆست کۆنفلێکت و ئۆپەراسیۆنی ئاشتی و سەقامگیرییە (Center for Post-Conflict Peace and Stability Operations) پسپۆر تایبەتمەندە لەسەر ئەم بوارانە ( عێراق، بەلکان، ئەورپا، بونیادنەوەی دوای تەنگژەکان، کۆسۆڤۆ، ..هتد).**

**پرۆفسۆر سەروەر، سەردانی هەموو ئەو وڵاتانەی کردووە کە لە تەنگژەی شەڕی ئەتنی و ئایینی رزگاریان بووە و چوونەتە قۆناخی بونیادنانەوەی دوای تەنگژەکە، ئێستاش سەرۆکایەتی پرۆگرامێک دەکات بۆ سەروەریی یاسا و ئایین و ئاشتی پارێزی. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم باروودۆخەی ئێستای عێراق و چۆنییەتی زەمینەسازی بۆ خۆدوورخستنەوە لە کێشەکانی عێراق، دانیێل سەروەر بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**هەڵبژاردنی پارێزگاکان و کێشەی کەرکوک بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونی زیاتردا**

***بە پێی دوایین راپۆرت کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاو کراوەتەوە، ئامانجی سەرەکی ستراتیجیەتی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بریتی بووە لە یارمەتیدانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی، لەگەڵ دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ هاووڵاتییان، بێ ئەوەی بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە لەبەرچاو بگرێت، ئایا ئەمەریکا دەتوانێت بانگەشەی بەدەستهێنانی سەرکەوتن بکات بێ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت؟**

- نەخێر، بە بێ پرۆسەیەکی سیاسی سەرکەوتوو و دیموکراسی، نە عێراق و نە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانن سەرکەوتووبن. چەند بەرەوپێشچوونێکی سیاسی بەدەست هاتوون، بەڵام کێشەکانی وەک هەڵبژاردنی پارێزگاکان و کێشەی کەرکوک بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونی زیاتردا.

**ژمارەیەکی کەمی عێراقییەکان ئامادەی قبوڵکردنی کودەتایەکی سەربازین**

*** نەک هەر ئەو هەوڵانە بۆ بونیادنەوەی عێراق دران سەر کەوتوو نەبوون، بەڵکو ئێستا باس لە گەڕانەوەی رۆژگاری کودەتای سەربازی دەکرێت، ئایا لە حاڵەتی روودانی کودەتای سەربازیدا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- ئەمەریکییەکان زۆر نائاسوودە دەبن بە روودانی کودەتایەکی سەربازی لە عێراقدا، بەڵام گرنگترین پرسیار ئەوەیە ئایا عێراقیەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا دەکەن؟ بە تێڕوانینی من ژمارەیەکی کەمی عێراقیەکان ئامادەی قبوڵکردنی کودەتایەکی سەربازین، هەروەها زەحمەتە لە عێراقدا بتوانرێت سوپا بە یەکگرتوویی بهێڵرێتەوە. ئەمە ئەگەر سوپایەک هەبێت.

*** لە لێدوان و خیتابەکاندا کودەتای سەربازی رەت دەکرێتەوە، بەڵام کاتێک رووداوەکان پەیوەندی لەگەڵ ئەو رژێمەدا دەکرێت کە دەرئەنجامی کودەتاکەیە هەروەک چۆن ئەمەریکا و بەریتانیا مامەڵەیان لەگەڵ پەرویز موشەڕەفدا دەکرد کە بە کودەتا دەسەڵاتی بەدەست هێنابوو؟**

- هەر کاتێک سەرکردەیەکی سەربازی دەسەڵاتی خۆی دامەزراند لە وڵاتەکەدا، ئەوا رێگاچارەیەکی زۆرت لە بەردەستدا نابێت ئەگەر خوازیاری ئەوەبیت مامەڵە لەگەڵ ئەوە وڵاتەدا بکەیت. بەڵام حاڵەتەکەی موشەرەف، حاڵەتێکی بنیاتنەرە، لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتدا نەماوە، بە هۆی پرۆسە دیموکراسییەکانەوە لە دەسەڵات دوورخرایەوە.

***سوپای عێراق هەرەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات و بارگرژییەک هەیە لە نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا، لە حاڵەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەم دو لایەنەدا، ئایا چ ئایندەیەک چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- ئەوە بەرەوپێشچوونێکی باش نییە، بەڵام ئایا ئایندەی کوردستان چی دەبێت؟ بە تێڕوانینی من دەبێت کوردستانی عێراق و حکومەتی مەرکەزی خۆیان لە ناکۆکی لابدەن لەگەڵ یەکدا کە دەبێتە مایەی کارەسات بۆ هەردوولایان.

*** مەترسی ئەوە لە ئارادایە دووبارە قوربانی بە بەرژەوەندی کوردەکان بدرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی سەرەکی کوردەکان بوونی عێراقێکی دیموکراتییە، لە کاتێکدا ئەمە دژی بەرژەوەندی ئەمەریکایە، ئایا تا چ رادەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە پشتگیری لە خواست و هەوڵی کوردەکان بکات بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراسی لە عێراقدا؟**

- من لەگەڵ ئێوەدا هاوڕانیم. بە تێڕوانینی من وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کار و کۆششێکی زۆری کردووە بۆ پشتیوانیکردن لە دیموکراسی لە عێراقدا، کوردەکانیش سوودیان لە دەرئەنجامەکەی وەرگرتووە. هیچ لایەنێک لە دیموکراسیدا تەواوی خواستەکانی نایەتەدی، لەبەر ئەوە دەبێت لەسەر ئەوە رابێین، هەندێ جار چاوەڕێ بکەین و هەندێ جاریش نائومێدبین.

*** دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق لەگەڵ چەسپاندنی دیموکراسیدا نین لەم وڵاتەدا، بە پێچەوانەوە هەوڵی شکستپێهێنانی پرۆسەی سیاسی دەدەن لە عێراقدا، ئایا تا چەند ئەمەریکا خوازیاری سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراقە؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامرازگەلێکی کەمی لەبەردەستدایە بۆ سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان، بەڵام یەکێک لە ئامرازەکان بریتییە لە دیبلۆماسی، دەبێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی عێراقدا گفتوگۆ بکەین دەربارەی سەقامگیرکردن عێراق، بە تایبەتی کە هێزەکانی ئەمەریکا دەستیان بە کشانەوە کردووە لەو وڵاتەدا.

***ئامانجی سەرەکی لە سەقامگیریکردنی ئارامی و ئاسایشدا بریتی بوو لە بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە، بەرەوپێشچوون لە رەوشی ئاسایشدا هاتۆتەدی، بەڵام ئەوە بەدی دەکەین کە حکومەتی عێراقی دیمەوێت ئەو بەرەوپێشچوونانە بەکاربهێنێت بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، ئایا ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر هەڵوێستی پێدەنگی لەم رووەوە؟**

- من لەو باوەڕەدام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر نیگەران دەبێت ئەگەر گەیشتە ئەو قەناعەتەی عێراق بەرەو دیکتاتۆرییەت هەنگاو دەنێت. هەروەها زەحمەتە دیکتاتۆریەت لە عێراق سەرهەڵبداتەوە بێ ئەوەی رووبەڕووی چەندین تەحەددا ببێتەوە لە لایەن زۆرێک لە لایەنەکانەوە. ئەمە بەو مانایە نایەت کە تێکرای عێراقییەکان رازین بەو حکومەتەی لە دەسەڵاتدایە. دیموکراسی سیستمێک نییە لە هەموو کاتێکدا هەموو لایەک رازی بکات، من هیچ سیستمێکی دیکە شک نابەم بتوانێت بەم شێوەیە کاربکات.

پرۆفیسۆر سوهێل هیومایون هاشمی، بەرەگەز هاوڵاتییەکی پاکستانییە و ئێستا ئوستادی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ماوەنت هۆلوێك لە ئەمەریکا و یەکێکە لە پسۆرە دیارەکانی لە بواری دەسەڵاتی عەسکەرتاری و دەست بەسەراگرتنی چەکی کۆکوژ و هەرەشەی دەسەڵاتە عەسکەرتارییەکان بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی و جیهانی، هەروەها پسپۆرە لەسەر دۆسیەی عێراق و لە نزیکەوە چاودێری باردۆخی عێراق دەکات و ئاگاداری باردۆخی هەرێمی کوردستانیش، بۆ هەڵسەنگاندنی باردۆخی ئەمرۆی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەو پێشبینیانەی بۆ دووبارە گەڕانەوەی عێراق بۆ دەسەڵاتی سەربازی و ئەگەری روودانی کودەتای سەربازی لە عێراقدا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر سوهەیل کرد و بوریژی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



سوهێل هیومایون هاشمی
پسپۆر لە سەرمەترسی دەسەڵاتی عەسکەرتاری بۆ گوڵان:

# ئەگەر سوپای عێراق بیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت، ئەوا مەترسیەکی گەورە سەرهەڵدەدات

***بارگرژیەك هەیە لە نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا، لە حاڵەتی روبەڕوبونەوەی ئەم دوو لایەنەدا، ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- ئەوە یەکێکە لە ئەگەرەکان و ئەوەش بەرەوپێشچوونێکی مەترسیدارە، من پێموایە ئایندەی عێراق لە جێگیرکردنی فیدراڵیزمدا خۆی دەبینێتەوە، بە چەشنێك کوردەکان لە باکووردا خاوەنی ئۆتۆنۆمی بن، بە هەمان شێوە سوننەکان لە ناوەڕاست و شیعەکانیش لە باشووردا. واتە ئەمە تەنها رێگاچارەیە بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی و بە سەقامگیری بمێنێتەوە. ئەگەر سوپای عێراق بیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت ئەوا هیچ گومانێك لەوەدا نییە، ئەمە سەردەکێشێت بۆ گرفتگەلێکی زۆر. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر پێشمەرگە کوردیەکان خوازیاری ئەوەن حکومەتی عێراقی هیچ کۆنترۆڵێکی نەبێت لە کوردستاندا، ئەوا عێراقێکی راستەقینە بوونی نامێنێت و کوردستان دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، کە من پێموایە کوردەکان خۆشیان نایانەوێت باروودۆخەکە بگاتە ئەم دەرئەنجامە، لەبەرئەوەی کاریگەری مەترسیداری لێدەکەوێتەوە و دەوڵەتە دراوسێکانیش دەستێوەردان دەکەن، بە تایبەتی تورکیا. ئەو هێزەی پێشمەرگەش کە پێشتر لەو ناوچانەدا بوون لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقیدا نەبوون، لەبەر ئەوە دەبێت هاوسەنگیەك بدۆزرێتەوە و هەردوولا سازش بکەن، هەمان هەلومەرج لە لوبناندا بەدی دەکەین، کە حزبوڵا خاوەنی هێزی چەکداری تایبەتی خۆیەتی و سەر بە سوپای لوبنانی نییە و بگرە لەو سوپایەش بەهێزترە، بەڵام ئایا تاکەی ئەم هەلومەرجە درێژە دەکێشێت، لەبەرئەوەی وڵاتانێکی کەم ئەوانەی خاوەنی دوو یان سێ هێزی چەکداری جیاواز بوونە توانیویانە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ بە یەکگرتوویی بمێننەوە.

کوردیەکان خوازیاری ئەوەن حکومەتی عێراقی هیچ کۆنترۆڵێکی نەبێت لە کوردستاندا، ئەوا عێراقیکی راستەقینە بوونی نامێنێت و کوردستان دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ

دەبێت هاوسەنگیەک بدۆزرێتەوە و هەردوولا سازش بکەن، هەمان هەلومەرج لە لوبناندا بەدی دەکەین، کە حزبوڵا خاوەنی هێزی چەکداری تایبەتی خۆیەتی و سەر بە سوپای لوبنانی نییە و بگرە لەو سوپایەش بەهێزترە، بەڵام ئایا تاکەی ئەم هەلومەرجە درێژە دەکێشێت، لەبەرئەوەی وڵاتانێکی کەم ئەوانەی خاوەنی دوو یان سێ هێزی چەکداری جیاواز بوونە توانیویانە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ بە یەکگرتوویی بمێننەوە

## ناتوانین گەرەنتی ئەوە بدەین عێراق ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومڕانێتی سەربازی

*** لەم رۆژانەدا جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، عادل عەبدولمەهدی، لە لێدوانێکیدا باسی لە مەترسی کودەتایەکی سەربازی کرد، ئایا تا چەند ئەگەری روودانی ئەم کودەتایە لە ئارادایە؟**

- رەنگە نەتوانین ئەم ئەگەرە لەبەرچاو نەگرین، بەڵام بۆ روودانی ئەم حاڵەتە دەبێت بارودۆخەکە یەکجار مەترسیدار بێت، وەك هەڵکشانی توندوتیژی و سەرهەڵدانەوەی ئەوەی لە شەڕی ناوخۆی دەچوو، لەگەڵ دووبارەی چالاك بوونەوەی میلیشیاکەی موقتەدا ئەل سەدر. لەگەڵ ئەوەشدا، من پێموایە هێشتا بارودۆخەکە نەگەیشتۆتە ئاستێك بڵێین ئەگەری روودانی ئەم حاڵەتە لە ئارادا نییە، هێشتا زووە بۆ ئەوەی بڵێین روونادات. واتە ناکرێت لەم ساتەوەختەدا بانگەشەی ئەوە بکەین عێراق ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومڕانێتی سەربازی.

## مەرج نییە لە حاڵەتی روودانی کودەتای سەربازیدا ئەمەریکا هەموو پەیوەندییەکانی بە عێراقەوە بپچڕێنێت

***ئایا لە حاڵەتی رودانی کودەتای سەربازیدا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- مەرج نییە لە حاڵەتی روودانی کودەتای سەربازیدا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێکڕای پەیوەندییەکانی بە عێراقەوە بپچڕێنێت، بەڵکو ئەوە دەوەستێتە سەر ئەو فەرماندە سەربازیانەی جڵەوی دەسەڵات دەگرنە دەست. ئەمەریکا پەیوەندی لەگەڵ چەندین رژێمی سەربازیدا هەیە لە جیهاندا، بۆ نموونە لەگەڵ پەرویز موشەڕەفدا پەیوەندی زۆر نزیکی هەبوو، کە بەم دواییە دەستی لە دەسەڵات هەڵگرت، هەروەها لەگەڵ زۆرێك لە فەرماندە سەربازییەکانی پاکستاندا، واتە مەسەلەکە ئەوەیە ئایا ئەنجامدەرانی کودەتاکە دژی ئەمەریکا دەوەستنەوە یان دەبنە دۆستی ئەمەریکا.

*** ئەی بۆچی لە لێدوان و خیتابەکاندا کودەتای سەربازی رەت دەکرێتەوە، بەڵام کاتێك رووددات پەیوەندی لەگەڵ ئەو رژێمەدا دەبەسترێت کە دەرئەنجامی کودەتاکەیە؟**

- رای گشتی ئەمەریکا بەو شێوەیە کە ئەگەر ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا لە عێراقدا پاشەکشەی کرد و دوای ئەوە رژێمێکی سەربازی لە رێی کودەتاوە جڵەوی حکومڕانێتی گرتە دەست، ئەوا نابێت دووبارە ئەمەریکا بگەڕێتەوە و دەستێوەردان بکات بۆ ئەوەی رێی لێ بگرێت، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ببێتە مەترسی بۆ سەر ناردنە دەرەوەی نەوت لە کەنداوی فارسیەوە بۆ جیهان، بەڵام ئەگەر کاریگەری و توندوتیژیەکە تەنها لە چوارچێوەی عێراقدا بوون، ئەوا پێویست ناکات ئەمەریکا دەستێوەردان بکات.

*** بەڵام لە عێراقدا کولتووری عەسکەرتاری هەیە و زەحمەتە بتوانرێت بە ئاسانی ئەم کولتوورە بسڕێتەوە و عەرەبی عێراق بگەنە قەناعەت کە فیدرالیزم چارەسەرێکی گونجاوە، ئایا ئەمە مەترسی دروست ناکات ؟**

-ئەوە پرسیارێکی باشە، پرسیارێکی گرنگە، رەنگە پێویست بەوە بکات کەسێك لە ناو بارودۆخەکەدا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵام هەمیشە کولتووری سیاسی ولاتێك بە رەوتێکی خاو گەشە دەکات و دەگۆڕێت، ئەویش بە هۆی پەروەردەکردنی چینە گەنجانەوە، کە رەنگە ئەم پرۆسەیەش دە بۆ بیست ساڵ بخایەنێت بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانە دروست بێت، بەو پێیە گۆڕانی کولتووری سیاسی پەیوەستە بە گۆڕانی سیستمی پەروەردەوە.

***ئایا چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت، ئایا گەشبینیت بە ئایندەی ئەم ولاتە؟**

- بەڵێ من گەشبینم بە هاتنەدی حکومەتێکی فیدراڵی لە عێراقدا کە مافەکانی تێکڕای پێکهاتەکانی ولاتەکەی تێدا پارێزرابێت، کورد، عەرەبی شیعە و عەرەبی سوونە و پێکهاتەکانی دیکە.

*حاڵی حازر ئەمەریکا بە قۆناغی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا تێدەپەڕێت، ئەگەر حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو لە عێراقدا روویدا، وەك کودەتای سەربازی، ئایا ئەمەریکا دەتوانێت وەك پێویست کاردانەوەی هەبێت؟

- بەڵێ لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری سەربازی لە عێراقدا هەیە. لە راستیدا ئەمە دوو مەسەلە لە خۆدەگرێت، یەکەمیان ئایا بارودۆخەکە بە چ رادە و ئاستێك ئاڵۆز دەبێت، دووەمیان ئایا چ پاڵێوراوێك لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەمەریکادا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئەگەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەبەرژەوەندی دیموکراتەکان بوو، ئەوا رەنگە رای بگەیەن کە ئەوەی ئەمەریکا لە توانایدا هەبووە لە عێراقدا کردویەتی و کاتی ئەوەیە ئەو ولاتە جێبهێڵین و ولات بدەینەوە دەست دانیشتوانەکەی بۆ ئەوەی بریار لە سەر ئایندەی خۆیان بدەن، بەڵام ئەگەر جۆن مەککین سەرکەوت، ئەوا رەنگە ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر لە عێراقدا بمێنێتەوە.

***زۆرێك لە چاودێران لەو باوەڕەدان بێ بوونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ناتوانرێت یەکێتی عێراق بپارێزرێت، لەبەرئەوەی پێکهاتەکانی عێراق ناتوانن بگەنە رێککەوتن و جۆرێك لە سازش لەگەڵ یەکتردا، لە هەمان کاتدا ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا پاراستنی یەکێتی عێراقە، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پشتگیری لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دەکات لە عێراقدا؟**

- نەخێر، من پێموایە نە حکومەتی ئەمەریکا و نە گەلی ئەمەریکا پشتیوانی لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت ناکەن لە عێراقدا، بەڵکو ئومێدی ئەوە دەکەن ئەو دیموکراسیەی لە

**ناکرێت لەم ساتەوەختەدا بانگەشەی ئەوە بکەین عێراق ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومڕانێتی سەربازی**

**مەرج نییە لە حاڵەتی روودانی کودەتای سەربازیدا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێکڕای پەیوەندییەکانی بە عێراقەوە بپچڕێنێت، بەڵکو ئەوە دەوەستێتە سەر ئەو فەرماندە سەربازیانەی جڵەوی دەسەڵات دەگرنە دەست**